
١٨٣

ئاڤاكرنا
كوردستانەكا
ب هێز

# لیستا پارتی
# لیستا پێشمەرگە و
# وەلاتپارێزێن كوردستانێ یە






١٨٣

دەنگدان بە لیستی
پارتی دیموکراتی کوردستان
گەرەنتی دووبارنەبوونەوەی
خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەرە






■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
رۆشنە عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانا خانی - دهۆك

ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulan-media.com






١٨٣

گوڵان

# ریفراندۆم

## دەستکەوتێکی گەورە و پرشنگدار لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستاندا



**ئەو پارتەی ڕێبەرایەتیی ریفراندۆمی کرد، شایستەی ئەوەیە کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان متمانەی پێ بدات**

**پارتی چۆن هەستانەوەی دوای شکستی ١٦ی ئۆکتۆبەری خستە سەرشانی خۆی و لە بەرپرسیاریەتی هەڵنەهات، ئامانجیەتی راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی و بونیادنانەوەی کوردستانێکی بەهێز و حوکمرانیی باش لەمیانەی پرۆسەی هەڵبژاردن و لە ڕێگەی سندوقی هەڵبژاردنەوە لەئەستۆ بگرێت**

**هەستانەوەی دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر چەندین وانەی بەسوودی فێرکردین، یەک لەو وانانەی فێری کردین ئەوە بوو کە دەبێت بە هەر نرخێک بێت، کۆتایی بە پاشاگەردانی و فەوزای سیاسی بهێنرێت و پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا بە شێوەیەک رێکبخرێتەوە کە نەتوانرێت جارێکی دی کارەساتێکی دیکەی هاوشێوەی ١٦ی ئۆکتۆبەر ئەنجام بدرێتەوە**

هەروەك چۆن لە ٢٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٧، شارل دیگۆل لەسەر بینایەی شارەوانی مۆنتریال لە کەنەدا و لە گوتارێکی مێژووییدا رایگەیاند: «سڵاو بۆ کیبیکی ئازاد»، هەمووی جیهانی هەژاند و بووە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی فەرەنسییەکانی کیبیك لە کەنەدا، بەهەمان شێوە لە رۆژی ٢٤ی ئەیلوولی ٢٠١٧یش کاتێك مسعود بارزانی لەبەرامبەر سەدان هەزار هاوولاتی کوردستاندا رایگەیاند: «من خۆم شەرمەزاری گەل و نەتەوەی خۆم ناکەم و ریفراندۆم ئەنجام دەدەین.» بە جۆرێك سەرانسەری جیهانی هەژاند، کە گوتارەکەی شارل دیگۆل لە ساڵی ١٩٦٧ بەوجۆرە جیهانی نەهەژاندبوو.

ئەوجا کە لە رۆژی ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی پار گەلی کوردستان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە هەموو پێکەوە چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان و بەرێژەی ٩٢,٧٪ بە «بەڵێ» دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، میدیاکانی جیهان بە جۆرێك سەریان لەم بڕیارە بوێرانەیەی سەرۆك مسعود بارزانی سوڕمابوو، کە نەیاندەزانی چ تایتڵێك بۆ ئەم کەرنەڤاڵە جەماوەرییەی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی دابنێن، هەر بۆ نموونە کەناڵی CNNی ئەمریکی کە هەمیشە بە ئەندامی شەشەمی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش پێناسەی بۆ کراوە، لە رۆژی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ لە شێوازی رووماڵکردنی بۆ پرۆسەی دەنگدانی خەڵکی کوردستان بە سەربەخۆیی، نووسیبووی: (کوردستان تەحەددای جیهان دەکات. Kurdistan defy the world)، لە یەك دوو رۆژی دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمەکەش دیسان کەناڵی CNN نووسیبووی: (دوای ئەوەی تەحەددای داعشیان کرد، کوردەکان لە هیچ شتێك ناترسن. After defying ISIS، ‹Kurds aren't afraid of anything›).

لێرەوە ئەگەر رووی لێکچووی مسعود بارزانی و شارل دیگۆل بەراورد بکەین، ئەوا چۆن شارل دیگۆل بە رێبەری ئازادکردنەوەی فەرەنسا لە شەڕی دژی نازیەت دادەنرێت، ئەوا مسعود بارزانی جیا لەوەی بە رێبەری پاراستنی کوردستان لە شەڕی دژی داعش دادەنرێت، لە هەمانکاتدا ئەو پێشمەرگەیەش بوو کە توانی ئەفسانەی داعش بۆ تەواوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتاڵ بکاتەوە و بە جیهانی راگەیاند، هێزێکی تیرۆریستی وەك داعش ئەو ئەفسانەیە نییە کە بتوانێت لە ئاستی قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان خۆی رابگرێت، بەڵام خاڵی جیاوازیی نێوان دیگۆل و بارزانی زۆر گەورەترە لە خاڵی هاوبەشیان، ئەو جیاوازییەش ئەوەیە، دیگۆل کاتێك لە ساڵی ١٩٦٧ گوتارە مێژووییەکەی بە ناونیشانی «سڵاو بۆ کیبیکی ئازاد» لە مۆنتریال خوێندەوە، نەك هەر فەرەنسا لەژێر دەستی نازی رزگاری ببوو، بەڵکو کۆماری پێنجەمیشی راگەیاندبوو، فەرەنسای لە پاشاگەردانی سیاسیی حزبەکانیش رزگار کردبوو، زیاد لەمانەش لە شەستەکانی سەدەی رابردوو کە شەڕی ساردی نێوان بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا لەوپەڕی گەرمیدا بوو، فەرەنسا ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بوو، بەریتانیا و ئەمریکا و کەنەدا، نەیاندەتوانی دژی فەرەنسای دیگۆل رابوەستن کە بە ئاسانی دەیتوانی پارسەنگی هێز لەناو ئەنجومەنی ئاسایشدا بۆ بەرژەوەندیی بلۆکی رۆژهەڵات بگۆڕێت، هەر بۆیە راستە گوتارەکەی دیگۆل (سڵاو لە کیبیکی ئازاد) تەحەددایەکی گەورە بوو بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەڵام بۆ پێگەی فەرەنسا وەك دەوڵەتێکی سەقامگیر لە سەر ئاستی ناوخۆ و سوپەرپاوەر لەسەر ئاستی جیهان، تەحەددایەکی زۆر گەورە نەبووە، بەڵام کاتێك لە ٢٤ی ئەیلوولی ٢٠١٧ بارزانی رایگەیاند: «خۆم شەرمەزاری گەل و نەتەوەی خۆم ناکەم و ریفراندۆم لە ٢٥ی ئەیلوول ئەنجام دەدەین.» بارودۆخی سیاسیی کوردستان بەمجۆرە بوو:

١- کاتێك بارزانی بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمی دا. راستە شەڕی داعش لە رووی سەربازییەوە لە کوردستان کۆتایی هاتبوو، بەڵام شەڕی داعش لە ناوچەکە کۆتایی نەهاتبوو و، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی عێراق و میلیشیاکانی حزبوڵای لوبنانی، هەرەشەی ئەوەیان لە کوردستان دەکرد، کە دوای تەواوبوونی شەڕی داعش کوردستان

داگیردەکەنەوە، هەر بۆیە بارزانی گەیشتبووە ئەو یەقینەی کە نییەتی حکومەتی شیعەی عێراق و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و حزبوڵای لوبنانی لە بەرامبەر کوردستان پاك نییە و هەر هێرش دەکەنە سەر کوردستان.

٢- کاتێك بارزانی بڕیاری دا ریفراندۆم ئەنجام بدرێت، حکومەتی عێراق چەندین ساڵ بوو، بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستانی بڕیبوو، حکومەتی کوردستان لە ژێرباری قەیرانێکی گەورەی داراییدا بوو.

٣- لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیی کوردستان پاشاگەردانی سیاسی لەو پەڕیدابوو، حزبە سیاسییەکانی کوردستان زۆر خراپتر لە حزبە سیاسییەکانی کۆماری چوارەمی فەڕەنسا، حکومەتیان تووشی چەقبەستن کردبوو.

٤- لە هەمووی گرنگتر بارزانی وەك دیگۆل سەرۆکی دەوڵەتێك نەبوو کە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش بێت، بەڵکو بارزانی سەرۆکی هەرێمێك بوو لە ناو دەوڵەتێکی مەزهەبگەرا، کە بڕوایان بە دەستوورەکەی خۆشیان نەبوو.

ئەگەر ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگرین و ئەوجا هەڵوەستەیەك لەسەر بڕیارە مێژوویی و بوێرانەکەی بارزانی بکەین و سەیری ئیرادەی خەڵکی کوردستان بکەین بۆ سەربەخۆیی، ئەوا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو بڕیارەی بارزانی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ دای و گەلی کوردستان بە رێژەی ٩٢,٧٪ دەنگی بۆ سەربەخۆیی دا، ئەوا لە مێژووی ١٠٠ ساڵی رابردووی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، هیچ سەرۆکێك (بێجگە لە بارزانی) نەیتوانیوە بەو ئاستە تەحەددای هەموو جیهان بکات و بڕیاری لەو شێوەیە بدات.

ئەم بڕیارەی مسعود بارزانی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لەو بەشەی کە پێی دەگوترێت «کوردستانی عێراق»، وەرچەرخانێکی گەورەی لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان دروستکرد، ئەم وەرچەرخانە هاوشێوەی ئەو وەرچەرخانە گەورەیە بوو، کە مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٤٧ بە کاروانە مێژووییەکەی و بە پەڕینەوە لە رووباری ئاراس دروستی کرد.

لێرەوە ئەگەر سەرنج لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بدەین، دوای پەڕینەوەی مستەفا بارزانی و هەڤاڵەکانی لە ئاوی ئاراس، دەبینین بە ئاشکراو بە راشکاوی ئامانجی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانی لە چوارچێوەی دەوڵەتی کوردستاندا دیاری کرد، بەڵام بڕیارەکەی مسعود بارزانی بە ئەنجامدانی ریفراندۆم لە ئەیلوولی ٢٠١٧، دوای حەفتا ساڵ هەمان ئامانجی مستەفا بارزانی کردە ئەمری واقیع بۆ هەموو جیهان و لەگەڵ ئەوەی حکومەتی عێراق دەیان سزای توندی خستە سەر کوردستان و لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتانی دراوسێ هاوکاری و دەستخۆشییان لە هیزەکانی عێراق و حەشدی شەعبی و میلیشیاکانی حزبوڵای لوبنانی کرد بۆ داگیرکردنەوەی بەشێکی زۆری خاکی کوردستان، بەڵام مسعود بارزانی نەك هەر لە ئەنجامدانی ریفراندۆم پاشگەز نەبووەوە، بەڵکو بە هاوشێوەی مستەفا بارزانی بڕیاری دا، لەگەڵ ئەوەی ئێستاش هەر چیاکانمان دۆستمانە، بەڵام هەتا دوادڵۆپی خوێن بەرگری لە کوردستان دەکەین و لەو مافە رەوایەی خۆمان پاشگەز نابینەوە کە مافی هەر نەتەوەیەکی دیکەیە لەم جیهانە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات.

**● ئیرادەی ( بەڵێ بۆ سەربەخۆیی ) و هەستانەوە لەدوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر**

لە کاتی هەڵمەتەکانی سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆم، بارزانی ئەو راستییەی لە خەڵکی کوردستان نەشاردەوە کە ئەم پرۆسەیە بێ گوشاری حکومەتی عێراق و دەوڵەتانی دراوسیی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تێپەڕ نابێت و دەبێت ئامادەبین کە بەرگەی ئەو گوشارانە بگرین کە لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم رووبەڕووی دەبینەوە، هەر بۆیە ئەگەر یەکگرتوو و یەك هەڵوێست بین، ئەوا سەرەنجام حکومەتی عێراق و دەوڵەتانی دەوروداوسێی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ناچار دەبن، رێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرن.

بەداخەوە ئەو یەکگرتوویی و یەکهەڵوێستییە لەدوای سەرکەوتنی پرۆسەی ریفراندۆم نەك هەر دروست نەبوو، بەڵکو لەلایەن هەندێك

**کاتێک مسعود بارزانی لەبەرامبەر سەدان هەزار هاووڵاتی کوردستاندا رایگەیاند: «من خۆم شەرمەزاری گەل و نەتەوەی خۆم ناکەم و ریفراندۆم ئەنجام دەدەین.» بە جۆرێک سەرانسەری جیهانی هەژاند، کە گوتارەکەی شارل دیگۆل لە ساڵی ١٩٦٧ بەوجۆرە جیهانی نەهەژاندبوو**

**کاتێک بارزانی بڕیاری دا ریفراندۆم ئەنجام بدرێت، حکومەتی عێراق چەندین ساڵ بوو، بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستانی بڕیبوو، حکومەتی کوردستان لە ژێرباری قەیرانێکی گەورەی داراییدا بوو**

**بارزانی وەک دیگۆل سەرۆکی دەوڵەتێک نەبوو کە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش بێت، بەڵکو بارزانی سەرۆکی هەرێمێک بوو لە ناو دەوڵەتێکی مەزهەبگەرا، کە بڕوایان بە دەستوورەکەی خۆشیان نەبوو**

**مسعود بارزانی نەک هەر لە ئەنجامدانی ریفراندۆم پاشگەز نەبووەوە، بەڵکو بە هاوشێوەی مستەفا بارزانی بڕیاری دا، لەگەڵ ئەوەی ئێستاش هەر چیاکانمان دۆستمانە، بەڵام هەتا دوادڵۆپی خوێن بەرگری لە کوردستان دەکەین و لەو مافە رەوایەی خۆمان پاشگەز نابینەوە کە مافی هەر نەتەوەیەکی دیکەیە لەم جیهانە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات**

**لە کاتی هەڵمەتەکانی سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆم، بارزانی ئەو راستییەی لە خەڵکی کوردستان نەشاردەوە کە ئەم پرۆسەیە بێ گوشاری حکومەتی عێراق و دەوڵەتانی دراوسێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تێپەڕ نابێت و دەبێت ئامادەبین کە بەرگەی ئەو گوشارانە بگرین کە لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم رووبەڕووی دەبینەوە**

کوردزمانەوە خیانەت لە کوردستان و پرۆسەی ریفراندۆم کرا، ئەم خیانەتەش هەردوو لایەنی سەربازی و سیاسی لە خۆی گرتبوو، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لە بنەڕەتەوە نەمێنێت و حکومەتی کوردستان برووخێنرێت. بەمجۆرە:

١- لایەنە سەربازییەکەی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر لەلایەن گرووپێکی دەسەڵاتداری ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە ئەنجامدرا، ئەم گرووپە پێش لەشکرییان بۆ هێزەکانی داگیرکار کرد و کەرکووکیان بەبێ شەڕ تەسلیم کردنەوە و بەمەش یەکرِیزی و یەکسەنگەری هێزی پێشمەرگە تێکچوو، کە بەهۆیەوە هێزەکانی داگیرکەر توانییان ٥١ ٪ی خاکی کوردستان داگیر بکەنەوە.

٢- لایەنە سیاسییەکەی ئەم خیانەتە لەلایەن چەند حزبێکەوە وەك (کۆمەڵی ئیسلامی، بزووتنەوەی گۆڕان، باڵێکی یەکێتی، هاوپەیمانی بۆ دادپەروەری) پشتگیری لێکرا و بە ئاشکرا رایانگەیاند کە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبوەشێتەوە و حکومەتی ئینقازی وەتەنی دابمەزرێت، بەداخەوە لە کۆتاییدا یەکگرتووی ئیسلامی-یش لەژێر گوشاردا ئەویش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کشایەوەو پارتی دیموکراتی کوردستان بەتەنیا شانی دایە بەر و هەموو بەرپرسیاریەتییەك و هەم هەرێمی کوردستانی پاراست، هەمیش نەیهێشت خەونی داگیرکەران و ناحەزان بێتەدی و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبوەشێتەوە.

خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر تەنیا لەسەر ئاستی سەربازی بێشەرمی دروست نەکرد، بە مانایەکی دیکە تەنیا ئەو تاقمەی ناو یەکێتی نەبوون کە بێشەرمانە بەرگرییان لە خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر دەکرد، بەڵکو دوای ئەنجامدانی ئەم خیانەتە سەربازییە، بێ شەرمیی سیاسی و بێ شەرمیی ئیعلامیش دروست بوو، هەموو ئەم بێشەرمییانەش لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان پیادە دەکران و بەوجۆرە خەونیان دەبینی کە پارتی دیموکراتی کوردستان کۆتایی هاتووە و ناتوانێت ئەم خیانەتە تێپەڕێنێت. لێرەدا ئەگەر وەك نموونە هەندێك لەو بێشەرمییانە بەبیر بهێنینەوە کە دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بە تەنیا رووبەڕووی پارتی دیموکراتی کوردستان بووەوە، ئەوا دەکرێت دیمانەکان بەمجۆرە بخەینەڕوو: لە رۆژانی ١٦-٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، خیانەتی سەربازیی ١٦ی ئۆکتۆبەر بارودۆخێکی دروست کردبوو کە پەرتەوازەییەکی لە رادەبەدەری لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان دروست کردبوو، هێڵی پێشتری بەرگریی پێشمەرگە شکابوو، هێشتا پێشمەرگە هیچ هێڵێکی بەرگری نەبوو، لەبەرامبەردا هێزی داگیرکەری عێراق و حەشدی شەعبی و میلیشیاکانی حزبوڵلای لوبنانی کە ئەو هەموو چەکە ئەمریکی و رۆژئاواییەیان بەدەستەوە بوو، کە بۆ شەڕی داعش ناردبوویان بۆ عێراق، بەمەش بە جۆرێك غروور ببووبن، کە دەیانویست هەموو هەرێمی کوردستان داگیر بکەنەوە و شتێك بە ناوی هەرێمی کوردستانەوە نەمێنێت، بۆیە هێزی داگیرکەر هەموو هەوڵی خۆی خستبووەگەڕ بۆ ئەوەی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك داگیر بکاتەوە، بەهەرحاڵ دوژمن چەند دڕندە بێت، شتێکی ئاساییە، بەڵام ئەوەی نائاسایی بوو، ئەوە بوو کە بەشێك لە حزبە سیاسییەکانی کوردستان و کەناڵە ئاسمانییەکانیان، لە بەرەی هێزەکانی دوژمنەوە رووماڵی شەڕەکەیان دەکرد و موژدەی شکانی هێزی پێشمەرگە و چۆڵکردنی هەولێریان بە خەڵکی کوردستان دەدا، تەنانەت هێندە خۆیان سووك کردبوو، لە کاتی رووماڵکردنی شەڕی پردێ لە دیوی حەشد شەعبییەوە لەلایەن کەناڵەکانی (گەلی کوردستان، کوردسات، کەی ئێن ئێن، ئێن ئار تی)، بەرپرسی راگەیاندنی حەشدی شەعبی بە جۆرێك قسەی لەگەڵ دەکردن و پێی دەگوتن، ئێوە لەگەڵ ئێمەن و دەبێت وەك ئیعلامی حەشدی شەعبی رووماڵی شەڕەکە بکەن، کەچی ئەو کەناڵانە بە ئاستێك زەلیل ببوون، بەرگرییان لە خۆیان دەکرد، کە بۆ بەرژەوەندیی حەشدی شەعبی و دژی هێزی پێشمەرگە کاری خۆیان کردووە و دەبێت حەشدی شەعبی رێز لە کارەکەیان بگرێت، بەڵام حەشدی شەعبی بەوەش رازی نەبوو و هەموویانی زەلیل و ریسوا کرد.

لە دوای خیانەتی ١٦ی ئوکتۆبەر، ئەو گرووپەی پاشەکشەی بە هێزی پێشمەرگە کردبوو، هاوشانی فەرماندەکانی حەشدی شەعبی پرێس کۆنفرانسی گرێدەدا و رایدەگەیاند،



که ئەوان بۆیە بەرگرییان نەکردووە، لەبەر ئەوەی هیچ هێزێك نییە بتوانێت لەگەڵ ئەو چەکە مودێرنانە بەرگری بکات کە بەدەستی حەشدی شەعبی و هێزەکانی عێراقەوەیە، بەڵام هەر یەك دوو رۆژ دوای ئەو خیانەتە گەورەیە کاتێك هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە پردێ و سحێلا و مەحمودیە و تەلسقۆف بەرامبەر هێزەکانی دوژمن راوستاوە، هێزەکانی دوژمن دەیان تانك و دەبابە و هامەر و هامفییان بە تیکشکێنراوی بەجێهێشت، کە لە ناویاندا دەبابەی ئەمرازی ئەمریکی تێدا بوو، ئەو راستییەش دەرکەوت کە خیانەتکاران چەند بێ ورە و بێ ئیرادەن و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش چۆن توانی ئەو چەکە مۆدێرنانە بە چەکی سادە و تەقلیدی تێکبشکێنن.

هەستانەوەی دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر چەندین وانەی بەسوودی فێرکردین، یەك لەو وانانەی فێری کردین ئەوە بوو کە دەبێت بە هەر نرخێك بێت، کۆتایی بە پاشاگەردانی و فەوزای سیاسی بهێنرێت و پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا بە شێوەیەك رێکبخرێتەوە کە نەتوانرێت جارێکی دی کارەساتێکی دیکەی هاوشێوەی ١٦ی ئۆکتۆبەر ئەنجام بدرێتەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان کە هەستانەوەی دوای شکستی ١٦ی ئۆکتۆبەری خستە سەرشانی خۆی و لە بەرپرسیاریەتی هەڵنەهات، ئامانجیەتی راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی و بونیادنانەوەی کوردستانێکی بەهێز و حوکمرانیی باش لەمیانەی پرۆسەی هەڵبژاردن و لە رێگەی سندوقی هەڵبژاردنەوە لەئەستۆ بگرێتەوە، بۆ ئەمەش پێویستە لەم هەڵبژاردنەی کە بریارە رۆژی ٣٠ی ئەیلوول بەرێوە بچێت، خەڵکی کوردستان متمانەیەکی ئەوتۆ بە پارتی بدەن کە بتوانێت ئەم ئامانجانە بێنتەدی، ئەم ئامانجەی پارتییش کە بۆتە ئامانجی بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان، لە رۆژی ٣٠ی ئەیلوولدا بە پێدانەوەی متمانەیەکی گەورە بە پارتی دیموکراتی کوردستان بەرجەستە دەبێت و دەردەکەوێت کە ئەو پارتەی رێبەرایەتیی ریفراندۆمی کرد، شایستەی ئەوەیە کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان متمانەی پێ بدات.

**لایەنە سەربازییەکەی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر لەلایەن گرووپێکی دەسەڵاتداری ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە ئەنجامدرا، ئەم گرووپە پێش لەشکرییان بۆ هێزەکانی داگیرکار کرد و کەرکووکیان بەبێ شەڕ تەسلیم کردنەوە و بەمەش یەکڕیزی و یەکسەنگەری هێزی پێشمەرگە تێکچوو، کە بەهۆیەوە هێزەکانی داگیرکەر توانییان ٥١ ٪ی خاکی کوردستان داگیر بکەنەوە**


١٨٣

گوڵان

## هێمن هەورامی

**سەرۆکی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:**

# ڕێژەی دەنگ و کورسییەکانی ئەمجارەی پارتی لە هەڵبژاردنەکانی مانگی ئایاری ڕابردوو زیاتر دەبێت





**ڕێژەی بەرزی بەشداریی دەنگدەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، سەرکەوتنێکی گەورەی بۆ پارتی تۆمار کرد، کە لەسەر ئاستی عێراق حزبی یەکەم بوو، بە چەندین هۆکاریش چاوەڕوان دەکرێت لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا سەرکەوتنی گەورەتر تۆمار بکات، بەتایبەتی کە سەرۆک بارزانی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا ڕاستەوخۆ بەشدارییان کرد. ئەمەو پرسی پێشبینییەکانی ئەنجامی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هەروەها ڕیفراندۆم و کاریگەرییەکانی لە سەر کارنامەی درەوشاوەی پارتی و چۆنیەتی کۆتاییهێنان بە فەوزای سیاسی و ناوچەگەری، هەروەها شەن و کەوی داگیرکردنی کەرکووك و ناوچە کوردستانییە دابڕێندراوەکانی دەرەوەی هەرێم و چەندین پرسی هەنووکەیی و هەستیاری دیکە، ناوەڕۆکی ئەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ هێمن هەورامی سەرۆکی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان پێکدەهێنن.**

*** سەرۆك بارزانی لە دەستپێکی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و لە پەیامێکی کورتدا گوتی: «دڵنیام پشتیوان بە خوا پارتی سەردەکەوێت، بەڵام سەرکەوتنی ئەمجارە دەبێت سەرکەوتنێکی گەورە بێت.» ئایا مەبەست لە سەرکەوتنی گەورە چییە؟**

- بۆ پارتی کۆمەڵێك پێوەر هەیە بۆ سەرکەوتنی هەڵبژاردن، پێوەری یەکەم، سەرکەوتنی خودی پرۆسەکەیە، ئەمەش سەرکەوتنی کوردستانەو پارتی لەوەدا خۆی بە سەرکەوتوو دەزانێت. هەروەها سەلماندنەوەی ئەوەیە کە ڕەوڕەوەی دیموکراسی، وێڕای کەموکوڕییەکانی، لە بەرەوپێشچوونە، نەك پاشەکشە. بوونی ململانێیەکی سەخت و مەدەنی لە نێوان هەموو قەوارەکان و ئەو هەموو کاندیدەی لایەنەکان، نیشانەی پێگەیشتوویی سیاسی و ڕێچکەیەکی دروستی گیانی دیموکراسییە لە کوردستان. ئەوەش دەرفەت ڕەخساندنەوەیە بۆ دەنگدەر و جەماوەری کوردستان، هەتا بە شێوەیەکی ئاشتییانە و مەدەنییانە مافی سیاسی و ئازادیی خۆیان ئەزموون بکەن و لیست و کاندیدی جێی ڕەزامەندیی خۆیان هەڵبژێرن، ئەوەش سەرکەوتنە. واتە پارتی لە ئاستی نیشتمانی و لە ئاستی بەرژەوەندیی گشتی سەرکەوتنی پرۆسەکە بە سەرکەوتنی خۆی دەزانێت. لەسەر ئاستی دەنگی پارتی و پێگەی پارتی، ئومێدێکی زۆرمان هەیە و کارێکی ورد کراوە، بۆ ئەوەی پارتی ڕێژەی دەنگ و کورسی لە چاو هەڵبژاردنی ٢٠١٣ و تەنانەت ڕێژەی دەنگەکانی لە چاو هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە مانگی ٥ی ٢٠١٨، زیاتر بکات. متمانەمان بە دەنگدەر و جەماوەری خۆمان هەیە، پشتئەستوورین بە دەستکەوتەکانی ڕابردوومان، بە متمانەی گەل، بە بوونی سەرۆك بارزانی و هەڵوێستە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، بۆیە بەڵێ پارتی بەرەو سەرکەوتنی گەورە دەڕوات، پشت بە خوای گەورە و بە پشتیوانیی جەماوەرە هەمیشە بەوەفاو دڵسۆزەکەی پارتی.

*** ڕێژەی بەرزی بەشداریی دەنگدەرانی پارتی لە هەڵبژاردنی ئایاری ڕابردووی پەرلەمانی عێراق، گەشبینییەکی گەورەی بۆ پارتی دروستکردووە، بۆ ئەوەی لەم هەڵبژاردنەش سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنێت، ئایا تاچەند مەزندەی ئەوە دەکەیت کە ئاستی بەشداریی ئەمجارە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق زیاتر بێت؟ ئایا ئەم ڕێژەی بەرزی بەشداریی دەنگدەری پارتی چ کاریگەرییەکی لەسەر هەڵبژاردنەکە دەبێت؟**

- کۆمەڵێك پێدراو هەیە کە ئەمجارە بەراورد بە هەڵبژاردنی مانگی ٥ی ئەمساڵ ڕێژەی بەشداری زیاتر بێت. پێش هەموو شتێك، کێشەی بایۆمەتریی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق و نەبوونی حەماس بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی عێراق لای دەنگدەران و بەشدارینەکردنی جەنابی سەرۆك لە هەڵمەتی بانگەشەدا هۆکاربوون، بۆ کەمیی ڕێژەی دەنگدەر بەگشتی، هەرچەندە دەنگدەرانی پارتی بە ڕێژەیەکی فراوان بەشدارییان کرد، بۆ سەلماندنی ئەوەی کە پارتی نەشکاوەو ماوە. بەڵام ئەمجارە، مۆتیڤەکانی ڕێژەی زۆری

**ئەگەر پارتی و پێشمەرگەکانی و سەرۆک بارزانی نەبووایە، شتێک بە ناوی قەوارەی هەرێمی کوردستان نەدەما**

**ئەگەر دەستوورمان هەبێت و یەکێتیی خاکی هەرێم بچەسپێندریت، کەس ناتوانێ بیر لە دووئیدارەیی و بردنەوەی ناوچەیەک بۆ بەغدا و هاواری عەبادی عەبادی بکات**

بەشداریی دەنگدەر بەگشتی و دەنگدەری پارتی بەتایبەتی زۆر زیاترە. لەپێش هەموویانەوە، بردنەوەی گەورەی پارتی لە مانگی پێنج و پەرتەوازەیی و بێ ئومێدی لای لایەنەکانی دیکە و بەتایبەتی بەشداریی کارای جەنابی سەرۆك لە هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن و حەماسی لە رادەبەدەری جەماوەری پارتی بە راستی بۆ ئێمەش لە کاتی بانگەشە جێگەی ئومێدێکی گەورەیە، بۆیە پێمانوایە رێژەی بەشداریی دەنگدەرانمان زۆر زیاتر دەبێت و دەنگ و کورسیی پارتی زۆر دەچێتە سەرەوە، بێگومان بەرزبوونەوەی رێژەی دەنگ و زۆربوونی ژمارەی کورسییەکانی پارتی، دەبێتە هەوێنی پەرلەمانێکی بەهێز و ئارام کە پرۆسەی کارەکانی خۆی لە یاسادانان و چاودێری و پرسی بودجە باشتر بەڕێوە ببات و پشتیوان و چاودێرێکی بەهێزی کابینەی نۆیەمی حکومەت بێت.

*** لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا، پارتی لە سلێمانی غەدرێکی زۆری لێکرا، ئایا لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا چۆن سەیری دەنگەکانی پارتی لە سلێمانی دەکەن؟ ئایا ئەمجارە پارتی بەپێی قەوارەی خۆی دەنگەکانی لە سلێمانی بەدەست دەهێنێتەوە، یان هەمان سیناریۆی پەرلەمانی عێراق لە دژی پارتی لە سلێمانی دووبارە دەکرێتەوە؟**

- بەڵێ، پارتی لە هەڵبژاردنی مانگی ٥ی ٢٠١٨ دەنگی زۆری لێ دزرا، بە نموونە، لە بەراوردی ئەو دەنگانەی بە ئەلیکترۆنی بۆ پارتی دانرابوون، لەگەڵ ئەو سامپلەی سندوقەکان کە بە دەست ژمێردرانەوە، دەرکەوت نزیکی ٣٦ هەزار دەنگی پارتی دزراوە. بۆ ئەمجارەش ناڵێین برادەرن تەزویر ناکەن، بەڵام هەوڵ دەدەین لە رێگای نوێنەری کیاناتی سیاسی و بە پرۆسەیەکی چاودێریی ورد، بەرگری لە دەنگەکانمان بکەین، بۆ ئەوەی نەدزرێن. ئەگەر لەمەدا سەرکەوتوو بین، دڵنیام رێژەی دەنگەکانی ئێمە لە چاو مانگی ٥ی ئەمساڵ لە سلێمانی زۆر زیاتر دەبێت.

*** ئایا پارتی کە هیوا بۆ سەرکەوتنی گەورە دەخوازێت و لای زۆر کەس ئەم سەرکەوتنە گەورەیە مانای (٥٠٪+١)ی هەیە، ئەم سەرکەوتنە بۆ ئەوەیە پارتی بە تەنیا حوکمڕانیی کوردستان بکات، یان پارتی ئامانجی دیکەی هەیە؟**

- دروشمی پارتی بنیادنانی کوردستانێکی بەهێزە، ئەمە بە تەنیا بە ئێمە ناکرێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە بە شەریکی نیوە رێگاش ناکریت. پارتی لەگەل حکومەتی بنکەفراوان نییە. پێمان باشە هاوپەیمانیی لە نێوان چەند هێزێکی براوە هەبێت بۆ پێکهێنانی کابینە، ئەو هاوپەیمانییە لە پەرلەمانیش دروست ببێت، لایەنەکانی دیکە دەتوانن ببنە ئۆپۆزسیۆن، تا بە هەموومانەوە پرۆسەی سیاسی زیاتر پێش بخەین و کوردستان بپارێزین.

*** ساڵی پار هەر لەم مانگەدا یەکێك بوویت لەو سەرکردانەی کە بەشدارییەکی کاراتان لە هەڵمەتەکانی ریفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوولدا هەبوو، ئەمساڵیش سەرۆکی لیستی پارتیت بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان، ئایا تاچەند بە ئەنجامی ریفراندۆمەکە دڵخۆش بوویت؟ ئایا پێتوایە ئەمساڵیش خەڵکی کوردستان لە روانگەی رێبەرایەتیکردنی پارتی بۆ پرۆسەی ریفراندۆم، دەنگ بە پارتی دەدەنەوە؟**

- ئەسلەن گەورەترین شانازیی ژیانم ئەوە بوو کە ئەو دەرفەتەم بۆ رەخسا هەتا بەرگریکارێکی سەرسەختی پرۆسەی ریفراندۆم بم و تا ماوم بە هەمان نەفەس بەرگری لێدەکەم و شانازیی پێوە دەکەم. وەك جەنابی سەرۆك فەرمووی، گرنگ ئەوە بوو ئیرادەی گەلی کوردستان نەشکا. بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، کوردستان لە دەرەوەی ئیرادەی ئەوانی دیکە، توانی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات. خودی پرۆسەکە سەرکەوتوو بوو. رێژەی زۆری دەنگی بەڵێ سەرکەوتوو بوو. لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان ریفراندۆم کرا، ئەوەش سەرکەوتنی گەورە بوو. ئەوانەی دژی ریفراندۆم بوون، بەتایبەتی لە بەغدا، لە رووی سیاسی و سەربازییەوە لووتیان شکا. بۆ گەلی کوردستان و سەربەخۆخوازانی کوردستان ئیسپات بوو کە تەنیا حزب ستراتیژ و دۆزی هەبێت، کە ستراتیژ و دۆزی سەربەخۆیی کوردستانە، پارتییە. بۆیە دەشبینین بردنەوەی پارتی واتە بەردەوامیی سەرکەوتنی ئیرادەی سەربەخۆخوازی لە کوردستان.

**هەوڵ دەدەین لە رێگای نوێنەری کیاناتی سیاسی و بە پرۆسەیەکی چاودێریی ورد، بەرگری لە دەنگەکانمان بکەین، بۆ ئەوەی نەدزرێن**

**کەرکووک داگیرکراوە و دەبێت بە رێککەوتن کۆتایی بەو داگیرکارییە بهێندرێت، ئەستەمە پارتی و سەرۆک بارزانی ئەو ئەمری واقیعە قبووڵ بکەن**

**ئەگەر لە دەستووردا بچەسپێندریت کە دەبێت هەر چوار ساڵ جارێک هەڵبژاردن بکرێت، ئیتر لە فەوزای دۆڕاوی سیاسی رزگارمان دەبێت و چیدی حزبێک بە بیانووی خراپیی دۆخی خۆی، داوای دواخستنی هەڵبژاردن ناکات**

١٨٣

گوڵان







ریفراندۆم سەرکەوتووترین و مێژووییترین رووداوی کوردستان لە ١٠٠ ساڵی رابردوو بووە

بەرئەنجامی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بوو، کە کەرکووک و ئەو ناوچانە داگیرکراونەوە، بەڵام لە داگیرکاری بەعس بەهێزتر نابن، کە بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ داگیری کرد و نەیتوانی ناسنامەی کوردستانییەتی بسڕێتەوە

دروشمی پارتی بنیادنانی کوردستانێکی بەهێزە، ئەمە بە تەنیا بە ئێمە ناکرێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە بە شەریکی نیوە ڕێگاش ناکریت

*** ئایا ریفراندۆم کارەساتی بەسەر کوردستان هێنا، وەك ئەوەی نەیارانی ئاماژەی پێ دەکەن، یان رووداوێکی گەورەی مێژوویی بوو بۆ گەلی کوردستان و جارێکی دیکە ئەم دەرفەتە دروست نابێتەوە؟**


- با چەمکی کارەسات لەم کۆنتێکستەدا پێناسە بکەین. ئەگەر مەبەستیان دۆخی ئابوورییە، پێش ریفراندۆم رەگی ئەو دۆخە هەبوو، بەوەی بودجە لە مانگی ٢ی ٢٠١٤ بڕدرا، شەری داعش، دابەزینی نرخی نەوت، هاتنی ئاوارە و پەنابەران. ئەگەر مەبەستیان ئەوەیە کەرکووك و ناوچەکانی دیکە لە دەست کورد دەرهێنرا، مەعلوومە کە ئەوە بەرئەنجامی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بوو، کە کەرکووك و ئەو ناوچانە داگیرکراونەوە، بەڵام خۆ لە داگیرکاری بەعس بەهێزتر نابن، کە بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ داگیری کرد، بەڵام نەیتوانی ناسنامەی کوردستانییەتی بسڕێتەوە. بۆیە ریفراندۆم سەرکەوتووترین و مێژووییترین رووداوی کوردستان لە ١٠٠ ساڵی رابردوو بووە.

*** لە بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی ٣٠ی ئەیلوول، جەخت لەوە دەکەنەوە کە کوردستانێکی بەهێز و حوکمڕانییەکی باش ئامانجتانە و دەتانەوێت کۆتایی بە فەوزای سیاسی و ناوچەگەری بهێنن، ئەگەر ئەمە ورد بکەینەوە، ئایا سەرۆکی لیستی پارتی چی بە خوێنەرانی گوڵان دەڵێت؟**

- بەشێکی زۆری ئەو فەوزایەی ئاماژەت پێکرد، بۆ نەبوونی دەستوور دەگەڕێتەوە. ئەگەر دەستوورمان هەبێت و یەکێتیی خاکی هەرێم بچەسپێندریت، ئەوا کەس ناتوانێ بیر لە دووئیدارەیی و بردنەوەی ناوچەیەك بۆ بەغدا و هاواری عەبادی عەبادی بکات. ئەگەر لە دەستووردا بچەسپێندریت کە دەبێت هەر چوار ساڵ جارێك هەڵبژاردن بکرێت، ئیتر لە فەوزای دۆڕاوی سیاسی رزگارمان دەبێت و چیدی حزبێك بە بیانووی خراپیی دۆخی خۆی، داوای دواخستنی هەڵبژاردن ناکات.







**پارتی لەگەڵ حکومەتی بنکەفراوان نییە. پێمان باشە هاوپەیمانیی لە نێوان چەند هێزێکی براوە هەبێت بۆ پێکهێنانی کابینە، ئەو هاوپەیمانییە لە پەرلەمانیش دروست ببێت، لایەنەکانی دیکە دەتوانن ببنە ئۆپۆزسیۆن، تا بە هەموومانەوە پرۆسەی سیاسی زیاتر پێش بخەین و کوردستان بپارێزین**

**لە بەراوردی ئەو دەنگانەی لە هەڵبژاردنی مانگی ٥ی ٢٠١٨ بە ئەلیکترۆنی بۆ پارتی دانرابوون، لەگەڵ ئەو سامپلەی سندوقەکان کە بە دەست ژمێردرانەوە، دەرکەوت نزیکەی ٣٦ هەزار دەنگی پارتی دزراوە**

*** ساڵی پار دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، پارتی دیموکراتی کوردستان بە تەنیا شانی دایە بەر بەرگریکردن لە هەرێمی کوردستان و داستانەکانی پردێ و سحێلا و مەحمودیە و تەلسقۆف وایکرد کە کوردستان داگیر نەکرێتەوە، ئایا ئەگەر ئەم هیممەتەی پارتی و پێشمەرگەکان نەبوایە بە رێبەرایەتیی بارزانی، خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر کۆتایی بە کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان نەهێنابوو؟**

- بە دڵنیاییەوە، ئەگەر پارتی و پێشمەرگەکانی و سەرۆك بارزانی نەبووایە، شتێك نەدەما بە ناوی قەوارەی هەرێمی کوردستان. لە رووی ئابووری ئابلۆقەیان دانا، فرۆکەخانەکانیان داخست، سنووریان داخست، ئابلۆقەی دیپلۆماسییان دانا، بۆ تەواوکردنی پلانی لە ناوبردنی هەرێمیش پەلاماری سەربازییان دا لە پردێ و مەخموور و تەلسقۆف و مەحمودیە و سحێلا، بەڵام پردێ و سەحێلا وەك داستانی کۆڕێ بووە دەروازەی دروستبوونەوەی کوردستان و شکست پێهێنانی خەون و پلان و پیلانی داگیرکەران.

*** پارتی دیموکراتی کوردستان، تەنیا لایەنە کە بارودۆخی ئێستای کەرکووك بە داگیرکراو دەزانێت و بە ئاشکرا داوای ئەوە دەکات، کە نابێت ئەمری واقیعی داگیرکاری قبووڵ بکرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە یەکێتی نیشتمانی کەرکووك بە داگیرکراو نازانێت و داوای ئەوە دەکات بارودۆخی کەرکووك بە مەدەنی بکرێتەوە، ئایا بۆچی پارتی کەرکووك بە داگیرکراو دەزانێت و لایەنەکانی دیکە بەگشتی و یەکێتی بەتایبەتی بە داگیرکراوی نابینن؟**

بە دڵنیاییەوە کەرکووك داگیرکراوە، هێزی دەرەوەی پۆلیس و ئاسایشی کەرکووك بە غەدر هێنراونەتە کەرکووك. ئەنجومەنی پارێزگا پەکی کەوتووە و بە غەدر پارێزگار لادراوە. سیما کوردستانییەکانی ناو کەرکووك بە بەرنامە دەشێوێندرێت، بۆیە بەڵێ داگیرکراوە. دەبێت ئاسایی بکرێتەوە و بە رێککەوتن کۆتایی بەو داگیرکارییە بهێندرێت و ئەستەمە پارتی و سەرۆك بارزانی ئەو ئەمری واقیعە قبووڵ بکەن.

١٨٣

ئاڤاکرنا
کوردستانەکا
ب هێز

# لیستا ١٨٣

## لیستا لاوێن کوردستانێ یە




پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی ژمارە
١
هێمن هەورامی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی ژمارە
٢
د. ڤالا فەرید ئیبراهیم


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی ژمارە
٣
بژار خالید عەزیز


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی ژمارە
٤
خەدیجە عومەر تەها


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی ژمارە
٥
هاوژین ئەبوبەکر فەتاح


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی ژمارە
٦
ئەرشەد حوسێن لۆلانی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی ژمارە
٩
وەزیرە محەمەد مەحمود


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی ژمارە
١٠
کەمال شێخ رەئوف هەنجیرە


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٧
دلین عەبدولکەریم زاخۆیی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٨
بەشیر بەرۆشکی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
١١
مەم ئەسکەندەر مەم ئەسکەندەر


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
١٢
نیهاد لەتیف قۆجە


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی ژمارە
١٣
جەمال محێدین ڕەشید
(ناسراو بە دکتۆر جەماڵ)


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی ژمارە
١٤
ڕێبوار بابکەیی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی ژمارە
١٧
ڕێڤنگ هروری


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی ژمارە
١٨
مونیب مەلا محەمەد ئاکرەیی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
١٥
کوێستان لەتیف والی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
١٦
شیلان یوسف شنگالی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
١٩
ئیسماعیل برایم خزر


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٢٠
بەختیار شوکری سلێمان مسلمێنی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٢١
هەڤاڵ ئاکۆ


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٢٢
جیهاد تەیب ئەحمەد بەرگارەیی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٢٥
جەلال پەرێشان


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٢٦
لەنجە دزەیی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٢٣
نەزیرە عەزیز جاف


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٢٤
هیوا حسێن حاجی ئاغای کۆسرەتان


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٢٧
مەلا سەعید عەبدولڕەحمان گولی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٢٨
محەمەد سەلیم شەرەفانی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٢٩
چلانە نەسرەدین هەورامی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٣٠
رزگار عیسا سوار بارزانی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٣٣
دلژین عەبدولستار فەتاح


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٣٤
مەلا جەوهەر سوورچی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٣١
شێخ نیاز راغب نەقشبەندی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٣٢
لەیلا عەبدولجەبار ئاکرەیی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٣٥
شەعبان عەلی شەعبان


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٣٦
فەرمان حسێن ئاغا


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٣٧
چیا حەمید شەریف


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٣٨
نەجات شەعبان دیلو ئامێدی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٤١
سەروان محەمەد عەلی هەرکی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٤٢
زانا مەلا خالید


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٣٩
عەبدولسەلام دۆڵەمەڕی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٤٠
دکتۆر سەباح مەحمود زێباری


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٤٣
مۆفەق پیرداوود عەبدۆك


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٤٤
وەیسی سەعید وەیسی
(مەلا وەیسی)


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٤٥
جوان یونس رۆژبەیانی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٤٦
قادر چاوشین


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٤٩
عەزیز ئیبراهیم عەبدۆ گۆران


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٥٠
ئومێد خۆشناو


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهیز
۱۸۳
کاندیدی
ژمارە
٤٧
گولیزار رەشید سندی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهیز
۱۸۳
کاندیدی
ژمارە
٤٨
زەری نەوزاد جەمیل


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهیز
۱۸۳
کاندیدی
ژمارە
٥١
حاجی سەفین گەردی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهیز
۱۸۳
کاندیدی
ژمارە
٥٢
هەڵکەوت ئەنوەر خەلیفە یوونس


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٥٣
کۆچەر ئەکبەر حاجی ڕۆستەم


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٥٤
پارێزەر
عیسا سلێمان نەسری/مزووری


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٥٧
عەلی فەیلی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٥٨
ئیدریس ئەحمەد هەرکی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی ژمارە
٥٥
خزر محەمەد حەسەن


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی ژمارە
٥٦
شوان شەهید ئەحمەد
حەمە عەبدوڵڵا


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی ژمارە
٥٩
ئیبراهیم حاجی رەفعەت


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی ژمارە
٦٠
خێڵان مام بەکر ئاوەکەڵەیی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٦١
مەلا ئیحسان ڕێکانی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٦٢
ئیدریس ئیسماعیل عەبوش


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٦٥
پارێزەر عەیشان عەلی بڵباس


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٦٦
مەلا ڕەعد نوری تۆفیق


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٦٣
لاجانی فەقێ لاجانی بڵباس


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٦٤
موحسن دۆسکی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٦٧
ڕۆژان ئیبراهیم عەلی سلیڤانەیی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٦٨
سووسەن محەمەد میرخان


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٦٩
خوناو عومەر عەبدوڵڵا


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٧٠
هێڤیدار ئەحمەد


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٧٣
ئاواز محەمەد تاهیر مارونسی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٧٤
نەسرەدین محێدین خۆشناو


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٧١
بەهجەت عەلی سپیداری


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٧٢
مامۆستا ئەحمەد گەرمیانی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٧٥
لیزا فەلەکەدین کاکەیی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٧٦
گەلاوێژ عوبێد عوسمان


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٧٧
بەهمەن کاک عەبدوڵڵا


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٧٨
وەعدی سلێمان مزووری


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٨١
شەمسەدین شێخ حەسەن


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٨٢
شوان کەریم زراری


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٧٩
مافپەروەر
شێخ زاهیر خەیلانی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٨٠
حەسیبە سەعید گەردی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٨٣
نزار مەلا غەفار سوورچی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٨٤
گوڵستان باقی نهێلی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٨٥
هەدیە موراد حەیدەر


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٨٦
ڕەنجبەر جەمیل شێخۆ


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٨٩
ئاسۆ فاروق
شەهید قادر حەمەساڵح


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٩٠
حیکمەت محۆ گەودا


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٨٧
نەقیب هیوا تەق تەقی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٨٨
پێشەوا هەورامی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٩١
جیهاد حەسەن دۆسکی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٩٢
سدیق سەید محەمەد
کەلەکچی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٩٣
سەرباز بایز سرێشمەیی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٩٤
سەعید مستەفا تەتەرخان
هەرکی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٩٧
ناسکە سەعید خدر


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانێکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٩٨
تورکیە سدیق گۆران


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٩٥
زێدان ڕەشید برادۆستی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٩٦
ژیان شەهید تاهیر دۆسکی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
٩٩
سوبحی قادر مەسعود
سلێڤانەیی


پارتی دیموکراتی کوردستان
بنیاتنانی
کوردستانیکی بەهێز
١٨٣
کاندیدی
ژمارە
١٠٠
دلێر محەمەد کەریم



ئەحمەد کانی

بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# راستگۆیی و دوورکەوتنەوە لە بەڵێنی بەتاڵ خاڵی پرشنگدار و بەهێزی پارتییە

# تەنیا ئەو کاتەی کورد یەکگرتوو بووە و پارتی پێشەنگ بووە، دەستکەوتەکان بەدەست هاتوون

کوردستان لە بەردەم هەڵبژاردنێکی گەورە و گرنگدایە و جارێکی دیکەی ئیرادەی گەل ئەوە دیاری دەکات کێ زۆرترین متمانە بەدەست دەهێنێت بۆ ئیدارەدانی جڵەوی حوکمڕانی و هەڵگرتنی ئەرك و بەرپرسیارێتی لە هەڵسووڕاندنی کاروبارەکانی حکومەت و پارتی دیموکراتی کوردستانیش بە گوڕوتینەوە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەشداری دەکات و هەڵگری بەرنامەیەکە کە دەکرێت وەك نەخشەڕێگایەك لێی بڕوانرێت بۆ پتەوکردنی پێگەی کوردستان. ئەمانە و چەند پرسێکی دیکە بوونە تەوەرێکی دیدارێکی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ ئەحمەد کانی بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان.

*** سەرەتا دەمانەوێت تیشك بخەنەسەر گرنگی و بایەخی ئەم هەڵبژاردنەی کە بڕیارە لە ٣٠ی ئەیلوولدا بکرێت، ئایا پارتی دیموکراتی کوردستان بە متمانەبەخۆبوونەوە بەشداری تێدا دەکات؟**

- سەرەتا ئێمە پەرۆشی ئەوەین پرۆسەکە بە سەرکەوتوویی بەڕێوەبچێت و پرۆسە دیموکراتییەکە تۆکمەتر و جوانتر بکەین، چونکە خەباتی سەدان ساڵەی ئێمە بۆ ئەوە بووە خەڵك ئازاد و سەربەستانە بتوانێت دەنگی خۆی بدات، لەم روانگەیەوە پێموایە پێویستە ئاراستەی کارکردنی سەرجەم لایەنە سیاسییەکان بە شێوەیەك بێت کە ئەو رۆژە وەك جەژن و کەرنەڤاڵێکی لێ بێت، نەك ئەوەی پرۆسەکە وا وێنا بکرێت بۆ دەنگدەر کە ئەوە ئەرکێکی قورسە لەسەر شانیانە، بە پێچەوانەوە دەبێت کارێك بکرێت خەڵکی بە خۆشحاڵی و دڵێکی شادیبەخشەوە پێشوازی لێبکەن و بەو شێوەیە لێی بڕوانن کە ئەمە ئەو رۆژەیە کە ئێمە لە پێناویدا قوربانیمان داوە و شەهیدمان بۆ داوە. لەم گۆشەنیگایەوە دەڵێم پێموایە براوەی یەکەم لەم پرۆسەیەدا گەلی کوردستانە، دواتر هەموو لایەنە سیاسییەکانیش تێیدا سەرکەوتوون. کەواتە لێرەدا پارتی حەقی خۆیەتی کە ئومێدی ئەوە بخوازێت سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێت لەم پرۆسە ئازاد و دیموکراتەدا. دواتر من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە پارتی تەنیا بۆ رۆژانی هەڵمەتی هەڵبژاردن ئیشی نەکردووە، بەڵکو ئێمە پێشتریش ئیشمان بۆ کردووە، مەبەستم ئەوەیە پێشتریش پارتی هەموو هەوڵ و کۆششێکی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی باشترین خزمەت بە خەڵکی کوردستان بکات و بەم شێوەیە متمانەی خەڵك بە پارتی زیاتر بووە. خاڵێکی دیکە ئەوەیە پارتی هیچ کاتێك لە بەرپرسیارێتی رای نەکردووە، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە قەیرانێکی سەختی ئابووری و شەڕی داعش یەخەی کوردستانی گرت، ئێمە هاوشێوەی ئەو حزبانە نەبووین کە کاتێك حکومەت ئیمکانیەتی هەبوو لە نێو

**پارتی هیچ کاتێک لە بەرپرسیارێتی رای نەکردووە، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە قەیرانێکی سەختی ئابووری و شەڕی داعش یەخەی کوردستانی گرت، ئێمە هاوشێوەی ئەو حزبانە نەبووین کە کاتێک حکومەت ئیمکانیەتی هەبوو لە نێو حکومەتدا بون و لەگەڵ دروستبوونی قەیرانیشدا شانیان نەدایە بەر بەرپرسیارێتی و کشانەوە**

حکومەتدا بون و لەگەڵ دروستبوونی قەیرانیشدا شانیان نەدایە بەر بەرپرسیاریێتی و کشانەوە. لە دەرئەنجامدا خەڵکی هۆشیار و چاودێر و خاوەن ویژدان ئەو راستییە لەبەرچاو دەگرن کە پارتی پێشەنگ بووە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان. خاڵێکی دەرەوشاوە و بەهێزی دیکەی پارتی راستگۆیی ئەم حزبە بووە، واتە ئێمە هیچ کات بەڵێنێکمان بە خەڵک نەداوە کە پێمان جێبەجێ نەکرێت، هەروەك جەنابی سەرۆکیش دووپاتی کردەوە کە نابێت کاندیدەکانی پارتی بەڵێنێك بە خەڵك بدەن کە قابیلی جێبەجێکردن نەبن.

*** خاڵێکی دیکە کە پارتی دووپاتی دەکاتەوە بریتییە لەو دەستکەوتانەی لەسەر دەستی ئەم حزبە بەدەست هاتوون و ئەمەش دەکاتە بەڵگەی ئەوەی کە دەتوانێت لە ئایندەدا دەستکەوتی زیاتر بۆ کوردستان دەستەبەر بکات، دەکرێت ئەمە زیاتر روون بکەنەوە؟**

- لە راستیدا ئەگەر ئێمە لە دەستکەوتەکان بڕوانین، ئەوا گەورەترین دەستکەوتی ئێمە لە رووی مێژووییەوە ٤٨ ساڵ بەر لە ئێستا بەدەستهات، کە دەستکەوتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بوو کە مافی ئۆتۆنۆمی بوو، راستە حکومەتی ئەوسای عێراق لە ساڵی ١٩٧٤دا وەك خۆی رێککەوتنەکەی جێبەجێ نەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی هەڵیبوەشێنێتەوە و ئەم رێککەوتنە بووە بناغەیەك و هەر مایەوە. ئەگەرچی دواتر دوچاری نسکۆ بووین و ئازارمان چەشت و رۆژانی سەختمان بینی. هەروەها دەبێت ئاماژەش بەوە بکەین کە لە ساڵی ١٩٧٤ بۆ ١٩٧٥ کاتێك جەنابی مەلا مستەفا رابەرایەتیی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی دەکرد، پارتی مافی فیدراڵی کردە پرۆژەیەك، ئەویش بۆ ئەوەی ئەگەر لە داهاتوو گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراقدا کرا، ئەوا ئەو پرۆژەیە بکرێتە بناغە. دواتر هەموو دەستکەوتەکانی دیکە ئەگەر بە تەنیا لەسەر دەستی پارتیش بەدەست نەهاتبێت، ئەوا پارتی پێشەنگ بوو لە بەدەستهێنانیاندا، بۆ نموونە چەسپاندنی فیدراڵییەت لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە ساڵی ١٩٩٢، کە ئێمە دەزانین ئەوە جەنابی سەرۆك بارزانی بوو کە بانگەشەی بۆ ئەو مافە کرد. هەروەها جەنابی سەرۆك بارزانی بوو، وەك کەسایەتی و کاریزمایەکی بەهێز و وەك سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن و گرتنەبەری پرۆسەی دیموکراتی کرد وەك شێوازێك بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئیدارەی کە حکومەتی بەعس لە کوردستاندا دروستی کرد، کە ئێمە دەزانین ئامانجی حزبی بەعسیش ئەوە بوو کوردستان زیاتر بەرەو هەڵدێر ببات، بەڵام جەنابی سەرۆك بەر لە هەموو کەس لە شاری کۆیە داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی کرد. دەستکەوتێکی دیکەی پارتی لەسەر دەستی جەنابی سەرۆك بارزانی لە ساڵی ١٩٩٩دا بوو کە لە پەرلەمان داوای کرد و دواتر بوو بە بڕیار، ئەویش بریتی بوو لەوەی ئاڵای کوردستان لە سەرتاسەری کوردستان هەڵبکرێت و بشەکێتەوە، ئەو کاتەی ئێمە بڕیاری هەڵکردنی ئاڵای کوردستانمان دا، خەڵکانێك هەبوو زیاتر بایەخیان بە هەڵکردنی ئاڵای بەعس دەدا. لە ساڵی ٢٠٠٣ و بە شاهێدی هەموو حزبەکان ئەوە سەرۆك بارزانی بوو کە پێداگری کرد لەسەر ئەوەی کە دەبێت دەستوورێکی هەمیشەیی هەبێت و کاتێکیش دەستوورەکە نووسرایەوە، جەنابیان دووپاتی کردەوە کە دەبێت مافی نەك تەنیا کورد، بەڵکو مافی سەرجەم پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی دیکە، بە تورکمان و مەسیحی و ئاشووری و کلدان و ئەرمەن و ئێزیدی و.. هتد، لە دەستورەکەدا بچەسپێنرێت و بسەلمێنرێت، هەر جەنابی سەرۆك بارزانی بوو سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت لە دەستوورەکەدا فیدراڵییەت بۆ کوردستان دەستەبەر و جێگیر بکرێت، ئەمە لە کاتێکدا خەڵکانێکی دیکە هەبوون داوای فیدراڵییەتی پارێزگاکانیان دەکرد. دەستکەوتێکی هەرە گەورەی دیکە کە ساڵی رابردوو ئەنجاممان دا ریفراندۆم بوو، ئەگەرچی ناحەزانی کوردیش ئازاریان داین لەسەری، بەڵام ریفراندۆم بناغەیەکە بۆ مافە ستراتیژییەکانمان، بۆ مافە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانمان. لەبەر ئەوە ئێمە بە دەستکەوتێکی مەزنی دەزانین، چونکە بۆ یەکەمجار کورد نەك لە مێژووی نزیکی خۆیدا، بەڵکو لە مێژووی دووریدا چوویتە سەر سندوقی دەنگدان و بڕیار لە چارەنووس و ئایندەی خۆی دابێت، کە رۆژی

**کاتێک جەنابی مەلا مستەفا رابەرایەتیی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی دەکرد، پارتی مافی فیدراڵی کردە پرۆژەیەک، ئەویش بۆ ئەوەی ئەگەر لە داهاتوو گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراقدا کرا، ئەوا ئەو پرۆژەیە بکرێتە بناغە**

**جەنابی سەرۆک بارزانی بوو، وەک کەسایەتی و کاریزمایەکی بەهێز و وەک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن و گرتنەبەری پرۆسەی دیموکراتی کرد وەک شێوازێک بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئیدارەی کە حکومەتی بەعس لە کوردستاندا دروستی کرد**

٢٠١٧/٩/٢٥یە، کە خودی جەنابی سەرۆك بارزانی و پارتی بە تەنیا شانیان دایەبەر بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی ریفراندۆم، واتە راستە کەسانێکی دیکەش لەگەڵیدا بوون، بەڵام بەشداریکردنیان شەرمنانە بوو، دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەریش رایانگەیاند کە هەڵە بوون، خەڵکانێکی دیکەش هەبوون دەستیان دایە دەستی داگیرکەران و کارێکیان کرد کەرکووك داگیربکرێت. خەڵکانێکیش هەبوو پاساویان ئەوە بوو ناکرێت بەرەنگاری سوپای عێراق ببینەوە، بەڵام بۆچی لەو ناوچانەی پارتی لێ بوو، پێشمەرگە توانی گەورەترین لەشکرکێشی حکومەتی عێراق تێکبشکێنێت، کە مەبەستم لە داستەکانەکانی پردێ و سحێلا و مەحمودیە و بازارگەی مەخموورە، کە هەموو ئەمانەش داستان و سەرکەوتنن و لەسەر دەستی پارتی بەدی هاتوون.

*** بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم دەستکەوتە گەورە و مەزنانە لەسەر دەستی پارتی، کەچی ئەم حزبە رووبەڕووی ئیرهابێکی فیکری بۆتەوە لە هەندێ ناوچەی کوردستان، ئێوە ئەمە بۆچی دەگەڕێننەوە؟**

- هەموو ئامانجی ئەو ئیرهابە فیکرییەی کە رووبەڕووی دڵسۆزانی رێبازی پیرۆزی بارزانی و رووبەڕووی هەڤاڵان و جەماوەری پارتی بۆتەوە، بۆ ئەوەیە کە بمانخەنە شەرمەوە و باسی دەستکەوتەکانمان نەکەین، ئەوەتا رایاندەگەیاند کە بەسە چیتر باسی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول مەکەن، لە کاتێکدا ئەمە شۆڕشێك بوو کە هەموو کوردستان لە سایەیدا یەکپارچە بوو، هەر لە زاخۆوە تاوەکو خانەقین، پرسیارەکەش ئەوەیە ئایا دوای ئەو شۆڕشە کوردستان دوچاری لێکترازان نەبوو؟ ئایا شەڕی براکوژی نەهاتەئاراوە؟ کەواتە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول گۆڕانکاری گەورەی بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا هێنا و ئێمە شۆڕشی گوڵانیش بە تەواوکار و گرێدراوی شۆڕشی ئەیلوول دەزانین. ئێمە لەو کاتەدا و لە سایەی ئەم شۆڕشەدا مافی ئۆتۆنۆمیمان بەدەستهێنا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەستکەوتی حزبەکانی دیکە چی بوو لە گفتوگۆکانیان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا؟ کەواتە تەنیا ئەو کاتەی کورد یەکگرتوو بووە و پارتی پێشەنگ بووە، دەستکەوت و مافەکان بەدەستهاتوون. بەڵام خەڵکانی دیکە کاتێك دێن و دەڵێن ئێوە باسی خۆتان مەکەن، ئەوا وەڵامی ئێمە ئەوەیە کە ئێمە باسی جوانی و سەروەرییەکانی خۆمان دەکەین و ئێوەش باسی دەستکەوتەکانی خۆتان بکەن. کەواتە دەتوانین بڵێین کە پارتی بۆ خزمەتی گەلی کوردستان دروست بووە، لە کاتێکدا لایەنی دیکە بۆ لەناوبردنی پارتی دروست بوون، واتە دوو ئەجێندای زۆر جیاواز هەن، بەڵام دەرئەنجامەکەی بەم شێوەیە بوو: ئەوانەی دژایەتیی پارتییان کردووە، رۆژ بە رۆژ زیاتر بەرەو پووکانەوە دەچن، پارتیش رۆژ بە رۆژ لەگەڵ گەلی کوردستاندا نزیکتر دەبێتەوە لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی لە پێناویدا دامەزراوە، کە ئەوانیش مافە دەستووری و نەتەوەییە رەواکانی گەلی کوردستانە.

*** باشە ئێوە رەنگدانەوەی ئەم حاڵەتە لەم سەروەختی هەڵبژاردنانەدا بەدی دەکەن؟**

- ئەوەی لە ئێستادا ئێمە زیاتر هەستی پێدەکەین، ئەوەیە کە گەلی کوردستان زیاتر راستییەکانی بۆ روون بۆتەوە و باش دەزانن ئەوانەی کە دژایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد، لە دەرئەنجامدا زیانیان بە گەلی کوردستان و بە بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستان گەیاند، چونکە ئامانجی زۆربەیان لەناوبردنی پارتی بوو، نەك بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان، بەڵام سەرەڕای تیروتوانج و بریندارکردنی جەستەی پارتی، ئەم حزبە توانیویەتی هەر لە پێشەنگدا بمێنێتەوە و لەگەڵ رێزمدا بۆ لایەنەکانی دیکە، ئێستا پارتی حزبێکی بێ رکابەرە و زۆرترین متمانەی گەلی کوردستانی بەدەست هێناوە.

*** باشە پارتی لە ناو حکومەتدا و لە بواری دابینکردنی خزمەتگوزاریدا چی کردووە و دەتوانێت چی بکات؟**

- لە راستیدا ئەگەر ئێمە لەو پڕۆژە گەورانە بڕوانین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی پارتی ئەنجامیداوە، دەتوانین ئاماژە بە چەندین کار و خزمەتگوزاری بەرچاو بکەین، بۆ نموونە ئەگەر شاری هەولێر بە نموونە وەربگرین کە ئاوەدانییەکی بەرچاوی تێداکراوە، لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە شەقامە پشتێنەییە

**دەستکەوتێکی دیکەی پارتی لەسەر دەستی جەنابی سەرۆک بارزانی لە ساڵی ١٩٩٩دا بوو کە لە پەرلەمان داوای کرد و دواتر بوو بە بڕیار، ئەویش بریتی بوو لەوەی ئاڵای کوردستان لە سەرتاسەری کوردستان هەڵبکرێت و بشەکێتەوە، ئەو کاتەی ئێمە بڕیاری هەڵکردنی ئاڵای کوردستانمان دا، خەڵکانێک هەبوو زیاتر بایەخیان بە هەڵکردنی ئاڵای بەعس دەدا**

**جەنابی سەرۆک بارزانی و پارتی بە تەنیا شانیان دایەبەر بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی ریفراندۆم، واتە راستە کەسانێکی دیکەش لەگەڵیدا بوون، بەڵام بەشداریکردنیان شەرمنانە بوو، دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەریش رایانگەیاند کە هەڵە بوون، خەڵکانێکی دیکەش هەبوون دەستیان دایە دەستی داگیرکەران و کارێکیان کرد کەرکووک داگیربکرێت**

**هەموو ئامانجی ئەو ئیرهابە فیکرییەی کە ڕووبەڕووی دڵسۆزانی ڕێبازی پیرۆزی بارزانی و ڕووبەڕووی هەڤاڵان و جەماوەری پارتی بۆتەوە، بۆ ئەوەیە کە بمانخەنە شەرمەوە و باسی دەستکەوتەکانمان نەکەین، ئەوەتا ڕایاندەگەیاند کە بەسە چیتر باسی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول مەکەن، لە کاتێکدا ئەمە شۆڕشێک بوو کە هەموو کوردستان لە سایەیدا یەکپارچە بوو**

**گەلی کوردستان زیاتر ڕاستییەکانی بۆ ڕوون بۆتەوە و باش دەزانن ئەوانەی کە دژایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد، لە دەرئەنجامدا زیانیان بە گەلی کوردستان و بە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان گەیاند، چونکە ئامانجی زۆربەیان لەناوبردنی پارتی بوو، نەک بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان**

بکەین کە دەستپێکرا لە هەولێر، مەبەستم لە شەقامی ١٢٠ مەترییە- کە بڕیارە شەقامی ١٥٠ مەتریش دروست بکرێت-، کە بینیمان تەنانەت لە سەروەختی قەیران و تەنگژەشدا توانرا بە هیممەتی حکومەتی هەرێم و بە هاوکاریی دڵسۆزان کارکردن تێیدا ڕانەوەستێت. ئێمە کە لێرەدا ئاماژە بە هەولێر دەکەین، ئەوا ڕاستە هەولێرمان زۆر لا خۆشەویستە، بەڵام شارەکانی دیکەشمان کەمتر لە هەولێر خۆش ناوێت. چونکە لای ئێمە کوردستان یەکپارچەیە و هەموو لە یەك سایە و سێبەردا دەژین. دواتر من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە حکومەتی هەرێمی کاری جددی کردووە بۆ بنیادنانی ژێرخانی ئابووری و لێرەدا بە پێویستی دەزانم ڕووبکەمە ئەوانەی ڕەخنە لە سیاسەتی حکومەت دەگرن لە بواری نەوت و غازدا و پێیان بڵێم، پەلەمە مەکەن، ئەم سیاسەتە لە بواری بنیادنانی ژێرخاندا لە ئایندەیەکی نزیکدا دەرئەنجام و دەستکەوتی باشی لێدەکەوێتەوە، واتە ناکرێت ئێمە بە کورتبینی لە مەسەلەکان بڕوانین و ئەو کەسانەی لە سیاسەتدا کار دەکەن، نابێت لە پێناوی لێدان لە پێگەی پارتی خەڵك چەواشە بکەن، ئێمە ئەگەر لە ساڵی ٢٠١٤دا نەوتمان نەبووایە، چی دروست دەبوو، ئێمە دەرئەنجامەکەی لە ٢٠٢٠ تا ٢٠٢٤ دەبینین و ئێستا ئێمە قەیرانە داراییەکەمان تێپەڕاندووە و سەرقاڵی سڕینەوەی ئاسەوارەکانیشین. دواتر ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ پەیامی جەنابی سەرۆك کە خۆی سەرپەرشتیی دەستپێکی بانگەشەکەی کرد، ئاماژەی بە ئەنجامدانی چاکسازیی گەورە کرد لە دوای ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنانە. ئێستاش ئێمە داوای ئەوە دەکەین کە خەڵك لە ڕێی دەنگدانەوە پشتیوانی لە پارتی بکەن بۆ ئەوەی پارتی بەهێز بێت، تاوەکو کوردستان بەهێز بێت و کورد لە پەرتەوازەیی و لێکترازان ڕزگار بکەن و بۆ ئەوەی سیستمێکی حوکمڕانیی ئەوتۆ لەسەر دەستی پارتی —وەك هێزی سەرەکیی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان- بەڕێوەبچێت کە بتوانێت بە باشترین شێوە خزمەت بە ئامانج و ئاواتەکانی خەڵك بکات.

*** دیارە مەبەستتان لە ڕزگاربوون لە پەرتەوازەی و پاشاگەردانی سیاسی، ئەمە خۆی یەکێك لە خاڵەکانی بەرنامەی پارتییە بۆ هەڵبژاردنەکان، بەڵام چ نەخشەڕێگەیەکتان بۆ ئەوە هەیە؟**

- هەروەك ئاماژەم پێکرد، تاکە حزبی بەهێز لە گۆڕەپانەکەدا بە پشتبەستن بە جەماوەری کوردستان پارتییە و خۆ ئەگەر هاتوو بە ڕاددەیەکی گەورە خەڵکی متمانەیان پێدایەوە، ئەوا دەتوانێت لە پێگەیەکدا بێت بۆ خزمەتکردنی باشتری خەڵك. خۆ ئەگەر دیمەنە سیاسییەکەش پەرتەوازیی زاڵ بێت بە سەریدا و ١٠ بۆ ١٢ حزب لە گۆڕەپانەکەدا بن، ئەوا هیچیان ناتوانن لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا باڵادەست بن، ئەو کاتە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت درێژە دەکێشێت و حزبەکانیش زیاتر موزایەدە لەسەر یەکتر دەکەن، چونکە هەمیشە حزبی بەهێز لە دەرئەنجامی ململانێی دوو یان سێ حزبی گەورە دێتەئاراوە، هەروەها ئەزموونی وڵاتانی جیهان ئەوەی سەلماندووە کە بوونی ١٠ حزبی بێهێز لە گۆڕەپانەکەدا حکومەتێکی بێهێزی لێدەکەوێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەمانەوێت خەڵك دڵنیا بکەینەوە، کە پارتی





لە سەدا ٩٠ی دەنگەکانیش بەدەست بهێنێت، بە تەنیا حکومەت پێکناهێنێت، ئەوەتا لە هەڵبژاردنەکەی پێشوودا پارتی ٣٨ کورسی هێنا، بەڵام زۆر کەمتر لە ئیستیحقاقی خۆی وەزارەتی وەرگرت بە وەزارەتە گرنگەکانیشەوە، وەك وەزارەتی پێشمەرگە و دارایی کە بە دەستی گۆڕانەوە بوو، تەنانەت ژمارەی وەزیرەکانی پارتی زیاتر نەبوون لە ژمارەی وەزیرەکانی لایەنەکانی دیکەش. ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە پارتی پێیوایە کوردستان نیشتمانی هەمووانە و هەرگیز پارتی نەیویستووە تاکەحزب بێت و تاکڕەوی بکات لە حوکمڕانیدا، بەڵام بە راستی دەمانەوێت ئەوەندە بەهێز بین کە کەسانێك نەتوانن کودەتا بەسەر شەرعییەتدا بکەن، یان کەسانێك بوێری ئەوە بکەن لە پێناوی بەرژەوەندیی شەخسی و حزبی بچن لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان رێککەوتن بکەن، بۆ ئەوەی دەستیان رابکێشن تاوەکو جارێکی دیکە کوردستان داگیربکەنەوە، یان لە ناو پەرلەمان کودەتا بەسەر شەرعییەتدا بکەن.

*** باشە ئێوە وەك بەرپرسی لقی دوو پێتانوایە ئەدای پارتی لە هەولێردا چۆن دەبێت لە هەڵبژاردنەکاندا؟**

ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە ئەوەیە کە ئێمە خەڵکێکی زۆر دەبینین لە سنووری پارێزگای هەولێر و لقەکەمان کە بە پەرۆشییەوە ئامادەن بەرەو سندوقی دەنگدان بچن و دەنگ بە لیستی ١٨٣ بدەن، چونکە هەولێر خەسڵەت و تایبەتمەندێتییەکی ئەوتۆی هەیە کە هیچ کەسێك ناتوانێت هەولێر لە پارتی و بارزانی جیابکاتەوە، ئەمە دەمارگیری نییە، ئەمە هەڵقوڵاوی خواست و ویستی خەڵکەکەیە، چونکە خەڵکی دیکەش هەن لە هەولێر کە رێزیان لێدەگیرێت و لەم روانگەیەوە ئێمە پێمانوایە ئەگەر هەمووومان بۆ بەرژەوەندیی باڵای کوردستان بە یەك رۆحییەت کار بکەین، ئەوا بە دڵنیاییەوە هەمووومان لەم وڵاتەدا جێمان دەبێتەوە و دوژمنیش ناتوانێت زەفەرمان پێ ببات. مەبەستم ئەوەیە کاتێك هەمووومان بۆ ئامانجێکی نەتەوەیی تێبکۆشین، ئەوا دەبێت دەست لە ناو دەست بە یەکەوە بین.

**پارتی لە سەدا ٩٠ی دەنگەکانیش بەدەست بهێنێت، بە تەنیا حکومەت پێکناهێنێت، ئەوەتا لە هەڵبژاردنەکەی پێشوودا پارتی ٣٨ کورسی هێنا، بەڵام زۆر کەمتر لە ئیستیحقاقی خۆی وەزارەتی وەرگرت بە وەزارەتە گرنگەکانیشەوە، وەک وەزارەتی پێشمەرگە و دارایی کە بە دەستی گۆڕانەوە بوو**

**دەمانەوێت ئەوەندە بەهێز بین کە کەسانێک نەتوانن کودەتا بەسەر شەرعییەتدا بکەن، یان کەسانێک بوێری ئەوە بکەن لە پێناوی بەرژەوەندیی شەخسی و حزبی بچن لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان رێککەوتن بکەن، بۆ ئەوەی دەستیان رابکێشن تاوەکو جارێکی دیکە کوردستان داگیربکەنەوە، یان لە ناو پەرلەمان کودەتا بەسەر شەرعییەتدا بکەن**

پرسی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەگشتی و لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بەتایبەتی، هەروەها ئەو ئیرهابی فیکرییە کە چەند لایەنێکی سیاسی دژی پارتی دیموکراتی کوردستان پیادەی دەکەن، هاوکات تاوتوێکردنی چۆنیەتی بونیادنانی کوردستانێکی بەهێز و ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو بوارەدا و چەند پرسیارێکی گرنگی دیکە، لەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵان-دا ئاراستەی عارف تەیفور بەرپرسی سەرکردایەتیی پارتی لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە کراون.

## عارف تەیفور

بەرپرسی سەرکردایەتیی پارتی لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بۆ گوڵان:

# هەموو هەوڵمان بۆ ئەوەیە ڕێژەی بەشداریی هەوادارانی پارتی لەم هەڵبژاردنەدا زۆر بەرز بێت

183

گوڵان



*** هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان گەرموگوڕییەکی بێ وێنەی پێوە دیارە، ئێوەش وەك سەرکردایەتیی پارتی لە دەڤەری هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە سەرقاڵی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنن، ئایا هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی پارتی لەم دەڤەرە چۆن بەڕێوە دەچن؟**

- ئامانجی سەرەکیمان لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ئەوەیە کە خەڵکی ئەم دەڤەرە لە بایەخ و گرنگیی ئەم هەڵبژاردنە چارەنووسسازە بە باشی تێبگەن، بۆ ئەوەی بەشدارییەکی فراوان لە دەنگداندا بکەن، هەر بۆیە ئێمە زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە دەبێت هەوڵ بدرێت هەوادار و جەماوەر و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی ٣٠ی ئەیلوول ڕووبکەنە سندوقەکانی دەنگدان و دەنگ بە لیستی ١٨٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن. ئەم بەشدارییە فراوانەی جەماوەر و لایەنگرانی پارتی دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە پێگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەهێز بێت، بێگومان کە پێگەی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەهێز بێت، ئەوا پارتی دەتوانێت وەك هێزێکی کاریگەر لە حکومەتدا دەستکراوە بێت و توانای ئەوەی دەبێت کە خزمەتی هەموو هەرێمی کوردستان وەك یەك بکات و پڕۆژەی خزمەتگوزاری و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بۆ هەردوو دەڤەری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە زیاتر بکات، هەروەها هەڵبژاردنی ئەمجارە ئاراستەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش دیاری دەکات و ئەگەر پارتی لەم دەڤەرە سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنێت، ئەوا لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیشدا پێگەی پارتی بەهێزتر دەبێت و دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر لە ئەنجومەن و حکومەتی خۆجێی سلێمانی بگێڕێت و ڕێگە نەدات ئەو داهاتەی دەگاتە سلێمانی تەخشان و پەخشانی پێ بکرێت، بە پێچەوانەوە ئەو داهاتە دەخرێتە خزمەتی دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و پەرەپێدانی گەشتوگوزاری و خۆشگوزەرانیی خەڵکی هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە.

*** بەرنامەی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر جەخت لەسەر بونیادنانی کوردستانێکی بەهێز و حکومەتێکی بەهێز**

**ئەگەر پارتی سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنێت، لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیشدا پێگەی بەهێزتر دەبێت و دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر لە ئەنجومەن و حکومەتی خۆجێی سلێمانی بگێڕێت و ڕێگە نەدات ئەو داهاتەی دەگاتە سلێمانی تەخشان و پەخشانی پێ بکرێت**

**مەبەستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بونیادنانی کوردستانێکی بەهێز و حکومەتێکی بەهێز ئەوەیە کە پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستاندا ڕاست بکرێتەوە**

**بەدیهێنانی ئامانجەکان پێویستی بەوەیە کە پارتی لەناو حکومەت بەهێز و دەستکراوە بێت و قۆناخی هاوپەیمانی و شەراکەتی لەرزۆک و فشۆڵ کۆتایی بێت**

**بزووتنەوەی گۆڕان کە لەسەر بنەمای چوار ساڵی ئارامی ڕێککەوتنمان لەگەڵ ئیمزا کردو بووە هاوبەش لە حکومەتدا، بەڵام نەیتوانی تەنیا دووساڵیش پێی پابەند بێت و هەموو بارودۆخەکەی تێکدا و خەریک بوو کارەساتێکیش بەسەر کوردستاندا بهێنێت**

**ئەو حزب و لایەنە سیاسییانەی کە پشتر ئەم ئیرهابە فیکرییەیان دژی پارتی دیموکراتی کوردستان پیادە دەکرد، ئێستا هەر یەکەیان بەدەست کێشە ناوخۆییەکانی خۆیانەوە گرفتار بوون**

**خەڵکی سلێمانی و هەڵەبجە بە چاوی خۆیان پرۆژەکانی بونیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک دەبیینن و دەزانن ئەگەر پارتی دەسەڵاتی هەبێت لەم دەڤەرە، بەهەمان شێوە پرۆژەکانی بونیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوە لەم دەڤەرەش دەست پێدەکاتەوە**

**دەکاتەوە، هەر بۆیە هەوڵی پارتی بۆ ئەوەیە زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت، ئایا ئەمە بۆ ئەوەیە پارتی بە تەنیا حوکمڕانی بکات و حکومەت پێکبهێنێت؟**

- مەبەستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بونیادنانی کوردستانێکی بەهێز و حکومەتێکی بەهێز ئەوەیە کە پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستاندا ڕاست بکرێتەوە، واتە ئەو لایەنانەی بەشدار دەبن لە حوکمڕانی بە ڕاستی نوێنەرایەتی حوکمڕانی بکەن و ئەوانەشی دەبنە ئۆپۆزسیۆن بە ڕاستی نوێنەرایەتی ئۆپۆزسیۆنێکی تەندروست بکەن، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا هەتا ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرینەی ڕەهای دەنگەکانی خەڵکی کوردستانیش بەدەست بهێنت، بە تەنیا حوکمڕانی ناکات، یان بەتەنیا حکومەت پێکناهێنێت، بەڵکو ئەوانەی دەبنە هاوبەش و هاوپەیمان بۆ پێکهێنانی حکومەت لەگەڵ پارتی لەسەر بنەمایەکی ڕاشکاوانە ئەو هاوپەیمانییە پێکدەهێنرێت و ئەو بەرنامەیەی پەسەند دەکرێت، دەبێت لەماوەی ئەو چوار ساڵە جێبەجێ بکرێت، بێگومان بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پێویستی بەوەیە کە پارتی لەناو حکومەت بەهێز و دەستکراوە بێت و قۆناخی هاوپەیمانی و شەراکەتی لەرزۆك و فشۆڵ کۆتایی بێت، لێرەدا ئەگەر ئاماژە بە حکومەتی چوار ساڵی ڕابردوو بکەین، دەبینین لایەنێکی سیاسی وەك بزووتنەوەی گۆڕان کە لەسەر بنەمای چوار ساڵی ئارامی ڕێککەوتنمان لەگەڵ ئیمزا کردو بووە هاوبەش لە حکومەتدا، بەڵام نەیتوانی تەنیا دووساڵیش پێی پابەند بێت و هەموو بارودۆخەکەی تێکدا و خەریك بوو کارەساتێکیش بەسەر کوردستاندا بهێنێت، هەروەها لایەنەکانی دیکەش بە یەکێتی و حزبە ئیسلامییەکانیشەوە، پێیەکیان لەناو حکومەت و پێیەکی تریان لەناو ئۆپۆزسیۆن بوو، ئەمەش وایکردبوو کە حکومەت نەتوانێت بەرنامەکانی خۆی جێبەجێ بکات، بۆیە ئامانجی بەرنامەی پارتی ئەوەیە کە ئەو بارودۆخە کۆتایی بێت و پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی لە کوردستاندا بە جۆرێك ڕاست بکرێتەوە کە لە ئاستی وەڵامدانەوەی خواست و پێداویستییەکانی خەڵکی کوردستاندا بێت.

*** پێشتر لە سلێمانیدا جۆرێك لە ئیرهابی فیکری لەلایەن چەند لایەنێکی سیاسییەوە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان پیادە دەکرا، ئایا ئێستاش ئەم ئیرهابە فیکرییە هەر بەردەوامە؟**

- بە مەزندەی من ئێستا هەستدەکرێت کە پارتی توانیویەتی ئەو ئیرهابە فیکرییەی پێشتر دەکرایە سەر پارتی ئەو قۆناخەی تێپەڕاندبێت و هەوادارانی پارتیش چیتر لەو ئیرهابە فیکرییە ناترسن و دەتوانن چالاکانە ئەرکەکانی خۆیان ڕاپەڕێنن، ئەو حزب و لایەنە سیاسییانەی کە پشتر ئەم ئیرهابە فیکرییەیان دژی پارتی دیموکراتی کوردستان پیادە دەکرد، ئێستا هەر یەکەیان بەدەست کێشە ناوخۆییەکانی خۆیانەوە گرفتار بوون و ناپەرژێنە سەر ئەوەی وەك جاران دژایەتی پارتی بکەن، بۆیە دەکرێت بڵێم، ئەوانەی دەیانویست بە ئیرهابی فیکری کار و بەرنامەکانی پارتی ناشیرین بکەن، یان دژایەتی بکەن، ئێستا نائومێد بوون و دەزانن چیدیکە خەڵکی دەڤەری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بەو ئیرهابە فیکرییە هەڵناخەڵەتین، هەروەها خەڵکی سلێمانی و هەڵەبجە بە چاوی خۆیان پرۆژەکانی بونیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك دەبیینن و دەزانن ئەگەر پارتی دەسەڵاتی هەبێت لەم دەڤەرە، بەهەمان شێوە پرۆژەکانی بونیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوە لەم دەڤەرەش دەست پێدەکاتەوە، کەواتە لەم قۆناخەدا ئەرکی سەرەکیی ئەندام و کادران و جەماوەری پارتی بە پلەی یەکەم ئەوەیە کە باشتر تێکەڵاوی خەڵکی ئەم دەڤەرە ببن و لە نزیکەوە بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستانیان بۆ ڕوون بکەنەوە، بۆ ئەوەی باشتر لەو ڕاستییە تێبگەن کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە کردەوە خزمەتی گەلی کوردستان دەکات و بەڵێنی واش بە خەڵك نادات کە بۆی جێبەجێ نەکرێت، ڕاشکاوانەتر پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەی لە توانای خۆیدا بێت، بەڵێن دەدات و جێبەجێ دەکات، ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتە جوانەکانی پارتی کە هەمیشە لەگەڵ میللەتی خۆی ڕاستگۆ بووە، ئەم ڕاستگۆییەش هەموو کات نهێنیی گەشەی خەباتی پارتی و ئەو متمانەیە بووە کە خەڵکی کوردستان بە پارتییان داوە.




## عەلی تەتەر

بەرپرسی لقی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# تەنیا پارتی دەتوانێت حکومەتێکی بەهێز دروست بکات و چاکسازی بکات

**ئومێدمان ئەوەیە دەنگەکانی ئەمجارەی پارتی لە بادینان لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو زیاتر بێت**

**روونە کە لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا کە لە کوردستان ئەنجام دراون، پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە جێی متمانەی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بووە، بەتایبەتی لە دەڤەری بادینان، کە چاوەڕوان دەکرێت ئەمجارەش پارتی سەرکەوتنی گەورە تۆمار بکات و حکومەتێکی بەهێز پێکبهێنێت. ئەم پرسە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیدارێکی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ عەلی تەتەر بەرپرسی لقی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** هەروەك ئاشکرایە پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە دەنگی زۆرینەی دەڤەری بادینان بەدەست دەهێنێت لە هەڵبژاردنەکاندا، هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ پەیوەندیی نێوان پارتی و ئەم دەڤەرە چییە؟**

- لە راستیدا دەتوانم بڵێم لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا تەنیا رێبازی بارزانی هەبووە لەم دەڤەرە و لە ماوەی ٧٢ ساڵی رابردووش جگە لە پارتی هیچ حزبێك لە بادینان بوون و رۆڵێکی کارای نەبووە، هەروەها لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵانیش جگە لە پارتی هیچ لایەنێکی دیکە لەم دەڤەرە نەبووە، کەواتە تاکە حزبێك بوونی هەبوویێت و ئاوەدانی کردبێت و بەرگری لێ کردبێت لەم دەڤەرە لە دژی هەموو هێرش و هەڕەشەکانی حکومەتی عێراق و داگیرکاری دەوروبەر و هەندێ حزبی چەکدار کە دەیانویست پشێوی دروست بکەن، تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. لە شەڕی داعشدا پارتی هێزی سەرەکی بوو بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان و لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەریش تەنیا پارتی بوو رووبەڕووی ئەو پیلانگێڕییە بووەوە. کەواتە پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا لە بادینان جگە لە پارتی چ لایەنێك هەبووە قوربانی دابێت و خزمەت کورد و کوردستانی کردبێت؟ لەم روانگەیەوە ئێمە پشتڕاستین بە خەڵکەکەی خۆمان و پێمانوایە خەڵکی بادینان ئەم راستییانە لەبەرچاو دەگرێت و زۆرینەی دەنگیان بۆ لیستی ١٨٣ی پارتی دەبێت.

**ئەگەر خۆڕاگریی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبوایە رەنگە ئێستا حەشدی شەعبی حوکمڕانیی زاخۆی بکردایە**

*** باسی ئەوەت کرد کە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر تەنیا پارتی بوو بەری بە هێرش و هەڕەشەکان گرت، دەکرێت ئەمە زیاتر روون بکەنەوە؟**

- ئەوەی لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر روویدا، ئەوە بوو کە حکومەتی عێراقی دەیویست بێت و دەروازە سنوورییەکانی ئێمە لەگەڵ تورکیا و سووریا داگیر بکات، ئەوە بوو دوو شەڕی گەورە روویدا، یەکێکیان لە ٢٠ی هەمان مانگدا –شەڕی پردێ- و هەفتەیەك دواتر شەڕە گەورەکە لە مەحمودیە و کانی عەوێز رووی دا، کە روونە کێ شەڕی کرد و کێ بەرگری کرد، یەکێك لەوانە بەرپرسی لقی ١٧ی پارتی بوو کە شەهید بوو، ئەوانی دیکەش کە شەهید بوون، کادری پێشکەوتووی پارتی بوون، زۆربەی زۆر و بگرە هەموو ئەو فەرماندەیانەی شەهید بوون، ئەگەرچی سەر بە لەشکری کوردستان بوون، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەندامی پارتی بوون. کەواتە ئەگەر خۆڕاگریی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبوایە ئەوا رەنگە ئێستا حەشدی شەعبی حوکمڕانیی زاخۆی بکردایە.

**لە شەڕی داعشدا پارتی هێزی سەرەکی بوو بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان و لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەریش تەنیا پارتی بوو رووبەڕووی ئەو پیلانگێڕییە بووەوە**

*** ئەگەر بێینە سەر باسی هەڵبژاردنەکان، ئەوا ئاشکرایە پارتی بانگەشەی دروستکردنی حکومەتێکی بەهێز و ئەنجامدانی چاکسازیی بنەڕەتی دەکات، ئێوە چۆن لەم مەسەلەیە دەڕوانن؟**

- بێگومان تەنیا پارتی دەتوانێت حکومەتی بەهێز دروست بکات و بگرە چاکسازییش هەر بە پارتی دەکرێت. ئێمە لە ماوەی رابردوودا بینیمان کاتێك پڕۆژەی چاکسازی لە پەرلەمان تاوتوێ کرا، ئەو لایەنانەی پێشتر بانگەشەی چاکسازییان دەکرد، خۆیان دژی ئەو پڕۆژەیە وەستانەوە، واتە دیار بوو لەو کاتە کە چ لایەنێك پشتیوانی لە چاکسازی دەکرد و چ لایەنێکیش دژی چاکسازی بوو.

**کاتێک پڕۆژەی چاکسازی لە پەرلەمان تاوتوێ کرا، ئەو لایەنانەی پێشتر بانگەشەی چاکسازییان دەکرد، خۆیان دژی ئەو پڕۆژەیە وەستانەوە**

*** باشە ئێوە چۆن دەتوانن دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان بگۆڕن بۆ پێکهێنانی حکومەتێك کە بتوانێت لە ئاست خواست و چاوەڕوانییەکانی خەڵکدا بێت؟**




- لە هەموو وڵاتە دیموكراسییەكاندا خەڵكی متمانەی خۆی بە حزب دەدات، بۆ ئەوەی حزبیش حكومەتێكی ڕێكوپێك دابمەزرێنێت و ئەو بەڵێنانە جێبەجێ بكات، كە بە خەڵكی داوە، ئێمەش هاتووین لەم هەڵبژاردنەدا بەرنامەی خۆمان بۆ خەڵك خستۆتەڕوو، لە دوای پێكهێنانی حكومەتیشەوە كاری حزبە چاودێری حكومەتەكە بكات، بۆ ئەوەی بزانێت ئایا بەرنامەی هەڵبژاردنەكە جێبەجێ دەكات، یان نا، بەم شێوەیە دەبێتە پردێك لە نێوان خەڵك و ئەو حكومەتەی دایمەزراندووە.

*** ئێمە بینیمان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەكەی عێراقدا زۆرینەی زۆری خەڵكی بادینان دەنگیان بە پارتی دا، ئایا چاوەڕێ دەكەن جارێكی دیكە پارتی زۆرینەی زۆری دەنگەكانی بادینان بەدەست بهێنێتەوە؟**

- ئەمجارە لەبەر ئەوەی كوردستان هەمووی یەك بازنەی هەڵبژاردنە، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە كاندیدی دیكەش لە بادینان دەربچن، لەگەڵ ئەوەشدا ئومێدی ئێمە ئەوەیە كە نەك هەر پارێزگاری لە دەنگەكانی پێشوو بكەین، بەڵكو پشت بە خوا زیاتریشی دەكەین.

*** هەروەك ئاشكرایە كە كەسایەتیی كاندیدەكانیش ڕۆڵیان هەیە لە بەدەستهێنانی متمانەی خەڵكدا، ئایا پارتی لە دەستنیشانكردنی كاندیدەكانیدا- بە تایبەتی لە دەڤەری بادینان- زیاتر ڕەچاوی چی كردووە؟**

- ئێمە ڕەچاوی ئەوەمان كردووە كە ئەو كەسانە گونجاون بۆ كاری پەرلەمانی، بەشی زۆریان جگە لەوەی ڕۆڵەی شەهیدن و خەڵكی خەباتگێڕن خۆیان خاوەن كەسایەتین و بەتوانا و كارامەن، واتە سیمای دیاریش ئەوەیە كە زۆربەیان گەنجن و كوڕ و كچی بەتوانان و ئەوانەن كە لە بواری جیاجیا كاریان كردووە و ئێمە دڵنیاین كە ئەو كەسانە دەتوانن خزمەتی بەرچاوی كوردستان بكەن.

*** خاڵێكی گرنگی دیكە بوونی پێكەوەژیان و ئاشتیی كۆمەڵایەتییە لە نێوان پێكهاتە جیاوازەكانی دەڤەری بادینان، تاچەند پارتی ڕۆڵی بەرچاوی لەم ڕووەوە هەبووە؟**

- ئەو كەلتوورەی لە ئارادایە، كەلتوورێكی كوردستانییە و تەنیا هی پارتی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم زۆر بە دڵنیاییەوە بیڵێم كە هیچ كاتێك پێكهاتەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێندەی ئەو دەڤەرانەی لەژێر دەسەڵاتیدا پارتیدان، ئاسایش و تەناهی بە خۆیانەوە نابینن.

**هیچ كاتێک پێکهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێندەی ئەو دەڤەرانەی لەژێر دەسەڵاتیدا پارتیدان، ئاسایش و تەناهی بە خۆیانەوە نابینن**

# هەندێک لەو پرسیارانەی پێویستە هەموو حزبێکی ئیسلامی وەڵامیان بداتەوە

عەلی عیززەت بیگۆڤیچ – بە رەحمەت بێت – دەڵێت: «وەڵامی دەست ناکەوێت، ئەو کەسەی پرسیار خەوی لێ نەزڕاندبێت.»

منیش وەك عەلی عیززەت بیگۆڤیچ، پرسیارگەلێکی زۆر، ساڵانێك خەوی لێ زڕاندم و بە ئێستاشەوە، بەڵام دەوروبەرەکەم وەڵامێکیان بۆیان نەبوو، چونکە ئەوان، یان ئەو پرسیارانەیان لەخۆ نەکردبوو، یان نەیاندەویست ئەو پرسیارانە بکەن، یان لەبەر ئەوەی زۆربەی بزاڤە ئیسلامییەکان لە سەرەتاوە بۆ مەبەستێکی ئایینیی پەیدابوون و، ساڵانێکی زۆری تەمەنیشیان لە باسە ئایینییەکاندا بەخەرج دا، بۆیە زۆر درەنگ ئاوڕیان لە کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتییەکانی نێو وڵاتەکانی خۆیان داوەتەوە، ئەو ئاوڕدانەوەیەش هێشتا لە قۆناغی شیعار و دروشم تێپەڕ نەبووە، واتە ئەوەندەی (شیعار)ێکی ئایینیی بووە، ئەوەندە (مەشروع)ێکی سیاسی نەبووە، ئەگەر ناوی مەشروعیشی لێنرا بێت، ئەوا هەر بە ستایلی دوو حزبە سەرەکییەکە بووە، نەك جیاوازتر لەوان.

بۆیە جێگەی خۆیەتی دەنگدەری کوردستانی ئەم پرسیارانەی لای خوارەوەی هەبێت لە هەر سێ حزبە ئیسلامییەکەی هەرێم، پرسیارگەلێك کە لە زۆرێك لە کۆڕو کۆبوونەوە و سیمینارەکاندا خستوومانەتەڕوو، هەندێکیشیان پرسیاری حزبە سیاسییەکانی دیکەیە کە دەیخەنە بەرچاوی لایەنگرانیان و لە زۆرێك لە ئەدەبیاتی حزبییاندا بڵاوکراونەتەوە، لەو پرسیارانەش:

ئایا دوائامانجی حزبە ئیسلامییەکان چییە؟ چونکە حزب و بزاڤە ئیسلامییەکان بەگشتی ئەو بزاڤانەن کە زۆر چاك دەزانن چییان ناوێت، بەڵام زۆر چاك نازانن چییان دەوێت؟ چۆنیان دەوێت؟ سیاسەتی ئەوان لە چیدا جیاوازە لەوانی دی؟

ئایا ئیسلامییەکان لە نێوان خۆیاندا کێشەی تێگەیشتنیان لە چەمکی دەوڵەت چارەسەر کردووە؟ چونکە بزاڤە ئیسلامییەکان هێشتا کێشەی تێگەیشتنیان هەیە لە چەمکی دەوڵەت و دەوڵەتی ئیسلامی، دەوڵەت لای ئەوان روون نییە، کەی دەبێت بە ئیسلامی؟ چۆن دەبێت بە ئیسلامی؟ بەچی دەبێت بە ئیسلامی؟ کاری ئەو دەوڵەتە چی دەبێت؟ دەوڵەتی مەدەنی یانی چی؟ بنەماکانی چین؟

ئایا بۆ کۆتاییهێنان بە قەیرانی دارایی چ سیستمێك بەکاردێنن؟ سەرمایەداری؟ سۆشیالیستی؟ ئیسلامی؟ ئەگەر ئیسلامی، ئایا ئابووریی ئیسلامی چییە؟ لە کامە وڵاتی ئیسلامی پیادە کراوە، یان دەکرێت؟

ئایا ئیسلامییەکان خۆیان یەکلا کردۆتەوە لەگەڵ سیستمی سیاسیی جیهانی و پەیوەندیی فەرمیی نێودەوڵەتی؟

ئایا زلهێزەکان ئیسلامییەکانیان بۆ بەدیلی دەوێت؟ یان وەك رەنگێکی تەواوکار بۆ بەشدارییەکی سنووردار لە مۆزاییکی سیاسیی کوردستاندا؟

ئایا ئیسلامییەکان کێشەی (وێنە) و (وێنا) کردنیان چارەسەر کردووە؟ چونکە ئەوان (وێنا)یەکی جوانی ئایینییان لە دەقەکانەوە لەبەر دەستدایە، ئایا دەتوانن ئەو جیهانەی لەمێشکی خۆیاندا کێشاویانە، بیکەنە (وێنە)؟ چونکە جەماوەرو جیهان (وێنە)یان لەوان دەوێت، نەك هەر تەنیا (وێنا).

ئایا بەتەمان سوود لە ستایلی کامە جۆری حوکمڕانی ببینن، تا پیادەی بکەن؟ نموونەی ئێران؟ تورکیا؟ مالیزیا؟ سعودیە؟ یان ستایلێکی جیاوازە لەوان؟ ئەگەر جیاوازە، چییە؟ چۆنە؟ وردەکارییەکانی چین؟

ئایا ئەو ئەحکامانە جێبەجێ دەکەن کە لەنێو



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

کتێبەکانی تەفسیرو سوننەت و سیرەو فیقهی ئیسلامیدا هاتوون؟

بۆ نموونە: چۆن وەڵامی دەنگدەر دەدەنەوە، ئەگەر ئەم پرسیارە ڕەوایانەیان ئاراستە بکات؟

ئایا ٨٠ جەڵدە لە ئارەقخۆر دەدەن؟

ئایا ١٠٠ جەڵدە لەگەنجی زیناکار دەدەن؟

ئایا ڕەجمی پیاو و ژنی زیناکار دەکەن بە بەرد تا مردن؟

ئایا دەستی دز دەبڕنەوە؟

ئایا دەستی ڕاست و قاچی چەپی ڕێگر و چەتەی چەکدار دەبڕنەوە؟

ئایا پیاوی تۆمەتبار بە لیواتە لە بەرزترین بینای شار فڕێ دەدەنە خوارەوە؟

ئایا جەڵدە لە جگەرەکێش دەدەن؟ ئایا جگەرەکێشان حەرام و قەدەغە دەکەن؟

ئایا خوێنی کوژراو بە نرخی ١٠٠ وشتر حیساب دەکەن؟

ئایا خوێنی ژن بە نیوەی خوێنی پیاو حیساب دەکەن؟

ئایا خوێنی خاوەن ئایینەکانی دی بە کەمتر لە هی موسڵمان حیساب دەکەن؟

ئایا جزیە لە خاوەن ئایینەکانی دی وەردەگرن؟

ئایا حیجاب بەسەر ژناندا دەسەپێنن؟

ئایا ریش بە پیاوان دەهێڵنەوە؟

ئایا بە کەسی ڕەخنەگر لە ئایین دەڵێن کافر و مورتەد و هەڵگەڕاوە؟

ئایا هەڵگەڕاوە لە ئایین دەکوژن؟ هاوسەرەکەی لێ جودا دەکەنەوە؟

ئایا چالاکیی ئیسلامیی سەلەفی و توندڕەو قەدەغە دەکەن؟

ئایا ئەم حکومەتەی ئێستای هەرێم بەپێی فیقهی ئیسلامیی پۆلێن دەکەن بۆ ستەمکار؟ یان بێ باوەڕ؟ یان جاهیلی؟

ئەوان کە مۆڵەتی کارکردنیان پێدراوە لەلایەن حزبە عەلمانییەکانەوە، ئایا ئەوانیش ئەگەر بگەنە دەسەڵات مۆڵەتی چالاکی بە عەلمانییەکان دەدەن؟

ئەوان کە دەیان کەناڵی جیاجیای میدیای مۆڵەت پێدراویان هەیە، ئایا ئەگەر بگەنە دەسەڵات ئەوانیش مۆڵەت بە میدیای عەلمانییەکان دەدەن؟

کە دەڵێن کار بۆ دەوڵەتی هاووڵاتی دەکەین، ئایا مۆڵەت دەدەن هاووڵاتییەکی غەیرە موسڵمان ببێت بە سەرۆك وەزیران؟

ئایا خەلافەت مۆدێلێکی فەرمانڕەوایی بوو، یان ئەوان ئێستاش کاری بۆ دەکەن؟ ئایا ئامادەن یاسادانان لە مەلایان وەربگرنەوە بۆ پەرلەمان؟

ئەوان کە باس لە حوکمی زۆرینە دەکەن، ئایا مەبەستیان زۆرینەی پەرلەمانییە؟ یان زۆرینەی ئایینی؟

ئەمانەو دەیان پرسیاری دیکەی نێو کتێبەکانی فیقهی ئیسلامی و.. هتد.

ئەگەر دەڵێن: بەڵێ، هەموو ئەمانە دەکەین، ئەوسا جیاوازییان چییە لەگەڵ داعش و تاڵیبان و قاعیدە؟

ئەگەر دەڵێن نەخێر و نایکەن، ئەی چۆن خۆیان لە قورئان و سوننەت و فیقهی ئیسلامی لا دەدەن؟

ئەمانەو زۆر پرسیاری دیکەش هەن کە پێویستە وەڵامی ڕۆشن و بێ پێچ و پەنایان بۆ بدەنەوە، چونکە ئامانجی حزب گەیشتنە بە دەسەڵات، دەسەڵاتدارییش کاریگەری لەسەر هاووڵاتی دادەنێت، بۆیە پێویستە هاووڵاتی لە ئایندەی خۆی دڵنیا بکرێتەوە.

١٨٣

گوڵان

# بەساڵاچووانی کوردستان دەنگ بە لیستی ژمارە (١٨٣)ی پارتی دەدەن



١٨٣

گوڵان

دەنگدان بۆ خولی نوێی پەرلەمانی کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و ئەو هاونیشتمانییانەی مافی دەنگدان و تەمەنی یاسایی ١٨ ساڵیان تێپەڕاندووە، بە گەرمی خۆیان بۆ پێشوازی لە ڕۆژی دەنگدان ئامادە دەکەن، بەڵام ژمارەیەك لە بەساڵاچووانی هاووڵاتی پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەوان باشتر لە هەر توێژێکی دیکەی ناو کۆمەڵگەی کوردی، پارتی دیموکراتی کوردستان دەناسن و تەنیا متمانە بە سەرۆکایەتی پارتی و لیستی ژمارە (١٨٣)ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن. هاوکات داوا لە هاوڵاتیان دەکەن بۆ ئەوەی کوردستانێکی ئارام و سەقامگیر و ئاوەدانیان هەبێت، دەنگ بە بەربژارەکانی لیستی ژمارە (١٨٣)ی پارتی بۆ پەرلەمانی کوردستان بدەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی





## حاجی حەمەدەمین شێخ وەسانی:

### دەنگ بە پارتی دەدەین. پارتی سەرۆکێکی هەیە کە سەرۆکی وا لە جیهاندا کەم وێنەیە

بۆ ئەوەی کوردستان ئاوەدان و بەهێز و ئارام و سەربەخۆ بێت، دەنگ بە پارتی دەدەین. پارتی سەرۆکێکی هەیە کە سەرۆکی وا لە جیهاندا کەم وێنەیە، دڵسۆزی گەل و پشتیوان و داکۆکیکاری مافەکانی گەلەکەیەتی و هەرگیز سازشی لەسەر ناکات. پارتی لەژێر سێبەری ئەو سەرۆکە دڵسۆزە یەکەم حزبی سەر ئاستی عێراق بووە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش بە پشتیوانی خوای گەورە و کوردستانییان هەر یەکەم دەبێت و بەهێز و توانای زیاترەوە خزمەتی گەلەکەی دەکات.

183 گۆڕان



**غوربەت حوسێن ئەحمەد:**

## پارتی نەبووایە ئێستا کوردستان هەر هەمووی وەک کەرکووکی لێ دەهات

ئەگەرچی تەمەن زۆر بووە و کەمی ماوە، بەڵام هیوامان بە پارتی هەر زۆرە. سەرۆك بارزانی و پارتی سەلماندوویانە کە چۆن دەتوانن خزمەتی گەلی خۆیان بکەن، بۆیە خۆم و منداڵم هەر هەموومان دەنگمان بۆ پارتییە، چونکە لە سایەی پارتی لە ماڵ و حاڵی خۆمان دانیشتووین، ئەگەر پارتی نەبووایە ئێستا هەولێر و دهۆك و ئاکرێ و زاخۆ هەر هەمووی وەك کەرکووکی لێ دەهات و هەموومان ئاوارە دەبووین. بۆیە نابێت ئەوەمان لەبەر چاو ون بێت. بۆیە پێویستە پشتیوان و دەنگدەری پارتی بین.



**ئاسیا تەیب عیسا دانیشتووی گوندی بازێ لە دەڤەری بارزان:**

## بۆ شادکردنی رۆحی ئەو شەهیدان دەنگ بە پارتی دەدەین

لە کاتی ئەنفالی بارزانییەکاندا، باوك و دوو برا و دوو شوو برا و مێردەکەم و ١٥٠ کەسی خەڵکی گوندەکەمان لەگەڵ هەشت هەزار پیاوی بارزانی ئەنفال کران. بۆ شادکردنی رۆحی ئەو شەهیدانە و هەموو شەهیدانی ئەنفال و کیمیاباران تەنیا دەنگ بە پارتی دەدەم. پارتی حزبی قوربانیدانە بۆ ئەوەی میللەتەکەمان لە ئارامی بژین. من دەنگ بەو لیستە دەدەم کە هەزاران کەسوکارم خوێنیان بۆی رشتووە. ئەو لیستەی زامنی ئارامی و ئاشتی و تەباییە و بەدیهاتنی خەونی شەهیدان ئامانجی گەورەیەتی، تەنیا لیستی بارزانی و پارتییە، بۆیە دەنگ بە لیستی ١٨٣ دەدەم، چونکە لە رابردوو تاقیکراوەتەوە کە تاکە حزب بووە خزمەتی بە میللەتی خۆی کردووە و لە خەمی دەستکەوتە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا بووە.



**رەسوڵ محەمەد رەسوڵ:**

## بێگومان هەر پارتییە کە دەتوانێت دڵسۆزانە خزمەتی کوردو کوردستانی بکات

بارزانییەکان نەوە لەدوای نەوە هەر خەریکی شۆڕش و کوردایەتی بوون و زەحمەت و مشەقەتی زۆریان دیتووە، هەر ئەوان لە خەمی میللەتی کورد بوون، بۆیە دەنگی خۆمان دەدەینە سەرۆک بارزانی و پارتی، بێگومان هەر پارتییە کە دەتوانێت دڵسۆزانە خزمەتی کوردو کوردستانی بکات. بۆیە داواکارم هەموو خەڵکی کوردستان ئەو راستییەیان لەبەر چاو بێت و دەنگ بە لیستی پارتی بدەن بۆ ئەوەی کوردستانێکی ئازاد و ئارام و سەربەخۆمان هەبێت و کەس نەوێرێ دەستی بۆ درێژ بکات.



**سامی محەممەد عەلی کورانی:**

## هێشتا هێزی ئەوەمان تێدا ماوە، بچینە بنکەی دەنگدان و دەنگ بە پارتی و بارزانی بدەین


لەبەر ئەوە دەنگ بە لیستەکەی بارزانی دەدەم، چونکە ئەو تاکە ئاواتی رزگارکردنی گەل بووە لە چەوسانەوە و ژێردەستەیی و هەمیشە لە دژی دوژمنانی کورد خەباتی کردووە و قوربانی داوە، ئەگەر پارتی نەبێت، کوردستانیش بوونی نابێت، ئەگەر هیممەتی سەرۆك بارزانی و پێشمەرگەکانی پارتی نەبوایە، ئەمڕۆ هەولێر هی کورد نەبوو، وەك کەرکووك دەفرۆشرا و داگیر دەکرا. بۆیە داواکارم ئەوەی کوردستانی لا مەبەستە تەنیا دەنگ بە لیستی پارتی بدات و خۆیشم هێشتا هێزی ئەوە تێدا ماوە، بچمە بنکەی دەنگدان و هەر دەنگیش بە پارتی و بارزانی دەدەم.



**تەها شاهین:**

## هەر پارتی بووە لە پێناو گەلەکەی قوربانی داوە

وەکو پێشمەرگەی پارتی چەندین ساڵ خەباتمان کرد بۆ کورد و کوردستان بە ئازادی بژین، بۆ ئەوەی ببینە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، هەر پارتی بووە ئێمەی پاراستووە و هەر پارتی بووە لە پێناو گەلەکەی قوربانی داوە، بۆیە لە وەتەی هەبووین، پارتی بووین و هەر پارتییش دەبین و دەنگیشمان هەر بۆ پارتییە و ئێساش دەنگ بە لیستی ١٨٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین.



**عەبدولڕەحمان ئێدلبی، پێشمەرگەی دێرین و هەڤاڵی بارزانیی نەمر:**

## تەنیا پارتییە کورد دەگەیەنێت بە خەونەکانی

بارزانیی نەمر هەمیشە گیانێکی کوردپەروەرانەی هەبوو، باوەڕی بە شۆڕش و کوردایەتی هەبووە و هەمیشە خۆشەویستی پێشمەرگە بووە، باسکردنی بە سەدان لاپەڕە تەواو نابێت، بارزانیی نەمر هەمیشە دەیفەرموو: ئەگەر دڵی میللەت لەگەڵمان بێ، دوژمن هەزار جار قوەتی زیاتر بێت، قەد ناتوانێت بمانشکێنێ، بۆیە بۆ بەردەوامیدان بەو رێبازە پێویستە هەموو کوردستانییەک لە رۆژی ٣٠ی ئەیلوول بچێتە سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەنگ بە لیستی ١٨٣ پارتی و کاندیدەکانی بدات، چونکە تەنیا ئەو رێبازە بە سەرکردایەتیی سەرۆك مسعود بارزانی کوردستان دەگەیێنێتە سەربەخۆیی و سەروەریی. نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە بارزانیی نەمر لە هەموو ساتەوەختەکانی شۆڕشدا زۆر متمانەی بە مسعود بارزانی هەبوو. ئێستاش دەبێت هەموومان پشتیوانی ئەو سەرۆکە دڵسۆزە بین کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەمیشە پێشمەرگە و گیانفیدا بووە.

مامۆستایان:

# تەنیا لەسەر دەستی پاڵێوراوانی لیستی ١٨٣ی پارتی کوردستانێکی بەهێز بونیاد دەنرێت



**پەروەردە گرینگترین رۆڵی لە گەشە و پێگەیاندن و پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەکدا هەیە، مامۆستایانیش لەو بوارەدا پشکی شێریان بەر دەکەوێت. مامۆستا لە هەر وڵاتێکدا بەرچاوی قوتابی بە تیشکی زانست رووناک دەکاتەوە، بەڵام مامۆستا لە کوردستانێکی بێ کیان و بێ دەوڵەتدا ئەرکی سەرشانی گەلێک قورسترە و وتنەوەی وانەی نەتەوەیی و خستنەرووی ستەمی ستەمکاران دەرهەق بە میللەتەکەشی دەکەوێتە ئەستۆی، بۆیە دەبێت زۆر دڵسۆزانە و راستگۆیانە لاپەڕەکانی مێژووی خەبات و شۆڕش بەرخۆدانی گەلەکەی و قوربانییانی میللەتەکی بۆ قوتابییانی خۆی هەڵبداتەوە، ئێستاش کە هەڵبژاردنێکی چارەنووسساز بۆ دروستکردنی کوردستانێکی بەهێز ئەنجام دەدرێت، مامۆستایانی کوردستان دەنگی خۆیان دەخەنە پاڵ دەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەخت لەوە دەکەنەوە کە تەنیا لەسەر دەستی سەرۆک بارزانی و لیستی پارتی بۆ پەرلەمانی کوردستان دەکرێت کوردستانێکی بەهێز بونیاد بنرێت.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی





**مامۆستا سامان ئەحمەد:**

## پارتی بە رابەرایەتیی جەنابی سەرۆک بارزانی تاکە حزبە لە هەوڵی کوردستانێکی بەهێز و ئاوەداندایە، بۆیە دەنگمان هەر بۆ پارتییە


تەنیا لەبەر خاتری جەنابی سەرۆک بارزانی دەنگ بە پارتی دەدەم. جەنابی سەرۆك خۆشەویستی گەلە و لە بەر هەندێك بەرپرسی دز و گەندەڵ و کوتلەباز نابێت گەلەکەی نائومێد بێت، دڵنیام جەنابیان پڕۆژەی گەورەی بۆ چاکسازی هەیە، بۆیە پەیامم بۆ خەڵك و بۆ کادرە دڵشکاوەکانی پارتی ئەوەیە کە لە رۆژی ٩/٣٠بە هیزێکی نوێوە پێکەوە بچین دەنگ بە لیستی ١٨٣ی پارتی و جەنابی سەرۆك بارزانی بدەن، بۆ ئەوەی کوردستانێکی بەهێزمان هەبێت و بتوانین لە بەردەم هەموو مەترسییەکانی سەر هەرێم بوەستین و بیرەوێنینەوە. دەبێت ئەوەش بزانین کە هەر مامۆستا کێشەی مووچەی نەبوو، هەموو فەرمانبەران کێشەی مووچەیان هەبوو، بەڵام دۆخی ئابووریی هەرێم نەکەوتە ئەو دۆخەی ئێستای ئێران و تورکیاوە، بەڵام ئەو کولتوورە حزبییە وای کردووە، مامۆستا ئەگەر حزبەکەی لە دەسەڵات نەبێت، یان وەزیرەکەی سەر بەو حزبە نەبێت، بەو شێوەیە بیر نەکاتەوە. ئێساش کە هەرێم بە تەواوی جومگەکانیەوە کەوتۆتە ژێر ئیرهابێکی فکری بە وەزارەتی پەروەردەشەوە کە پەروەردەکردنی منداڵەکان و نەوەی داهاتووی لە ئەستۆدایە، پێویستە متمانە بە پارتی بکەین بۆ ئەوەی بەسەر ئەو ئیرهابەدا زاڵ بێت. پارتی بە رابەرایەتیی جەنابی سەرۆك بارزانی تاکە حزبە لە هەوڵی کوردستانێکی بەهێز و ئاوەداندایە، بۆیە دەنگمان هەر بۆ پارتییە.



**مامۆستا رووناك شێخ سدیق:**

## دەنگمان هەر بۆ سەرۆک بارزانی و لیستی پارتییە

دەنگ دەدەم بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، هۆی سەرەکیی ئەو بڕیارەشم ئەوەیە کە لیستی پارتی لە قوتابیانی رێبازە پیرۆزەکەی بارزانیی نەمر پێکهاتووە. هەروەها لە بەر متمانەی زۆرم بە سەرۆک مسعود بارزانی لیستی پارتی هەڵدەبژێرم، هەرچەند چەندین جار لە پۆستەکەم کە سەرپەرشتیاری پەروەردەییە لە پەروەردەی سلێمانی دەرکراوم، ئەوەش تەنیا لەبەر پارتی بوونم بووە. ٣١ ساڵە مامۆستام و بستێک زەوییان پێ نەداوم، لە بەر خاتری جەنابی سەرۆک و پارتی فیداکاریمان کردووە و ئەو ناعەدالەتییەشمان لە بەرپرسانی سلێمانی تەحەمول کردووە، کە لە بەرامبەر پارتییە دڵسۆزەکان لەم شارەدا دەیکەن، باکیشمان نییە و دەنگمان هەر بۆ سەرۆک بارزانی و لیستی پارتییە و دڵنیاین پارتی هەرچی زیاتر بەهێز بێت، کێشەکان زووتر چارەسەر دەکرێن.



**مامۆستا پەیمان تەها:**

## دەنگمان بۆ لیستی سەرۆک بارزانییە


دەنگم بۆ لیستی ١٨٣ی پارتییە، پارتی وەکو خوێن لە نێو دەمارەکانی جەستەمدایە، پارتی بەوە ناسراوە باوکی فەقیر و هەژارانە و لە سایەی پارتی کورد گەیشتە ئەمڕۆ کە بە سەربەرزی بژی، داواکارم لە هەموو هاوپیشەکانم رۆژی دەنگدان بەوپەڕی لەخۆبردووییەوە بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەنگ بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن، ئەو پارتەی کە تا ئەمڕۆش سەرۆکەکەی خۆی بە پێشمەرگەی نیشتمان و خزمەتکاری میللەت دەزانێت.



**سالار مەلا قادر**
**بەڕێوەبەری قوتابخانەی خەلیفانی سیدەکان:**

## دەنگ دەدەم بە لیستی ١٨٣ی پارتی تاکو میللەتی کورد لە ژێر چەتری ئەم پارتە بحەسێتەوە


من وەك مامۆستایەك دەنگم بۆ لیستی پارتیمان (پارتی دیموکراتی کوردستان)ە، ئەو پارتەی خاوەنی خۆشگوزەرانی و ریفراندۆم و تۆمارکردنی داستان و شۆڕش بەرخۆدانە، خاوەنی داستانی پردێ و سحێلاو دوژمن بەزێنەکانە، بێگومان هەر ئەو پارتەیە ئاشتی و ئاوەدانی دێنێتەکایەوە و میللەتی کورد دەگەیێنێتە کەناری ئارامی، دڵنیام لەسایەی ئەم پارتەو سەرکردایەتیی ئەم پارتە گەلی کورد دەگاتە ئاواتی چەندین ساڵەی لەمێژینەی، مێژووش شاهێدی خەباتی ئەم پارتەیە لە بڕیاردان ـ جگە لەوە یەکەم حزبە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە رابردوو تا ئێستاش هیچ کاتێك خۆی بۆ دوژمن نەچەماندووەتەوە و بەردەوامە لە دیاریکردنی چارەنووسی کورد و مافی رەوای دۆزی کورد، وێڕای لەدەستدانی هەزاران رۆڵەی قارەمان لەپێناو ئازادی و خاك و وڵاتەکەی، بۆیە دەنگ دەدەم بە لیستی ١٨٣ی پارتی تاکو میللەتی کورد لە ژێر چەتری ئەم پارتە بحەسێتەوە و لە دەست شۆڤینی و کوردکوژەکان رزگارمان بێت.



**مامۆستا زانا سورچی:**

## بۆ بەرقەراربوونی یاسا و ئاوەدانی دەنگ بە پارتی دەدەین

خۆم و خانەوادەکەم و ئەو کەسانەی کەوا پەیوەندییان لەگەڵم هەیە و لێم نزیکن، هەموومان دەنگ بە پارتی دەدەین. هەموو هاووڵاتییەکیش لەوە تێگەیشتووە کە بۆ بەرقەراربوونی یاسا بۆ ئارامی و ئاوەدانی و خوشگوزەرانی و بۆ لەناوبردنی دەستی دەرەکیی لە کوردستان پێویستە دەنگ بە پارتی بدەن. پەیامی هەموو کوردێکی دڵسوز ئەوەیە کە دەنگ بە لیستی ١٨٣ی پارتی بدەن و منیش دەنگ بەو کاندیدەی لیستی پارتی دەدەم کەوا زیاتر لە هەموویان لەلای من شایستەی دەنگدانە م مامۆستایانیش وشیارن و دەزانن هەر پارتییە پارێزگاری لە مافیان دەکات و هەموویان دەنگ بە لیستی ١٨٣ دەدەن.



**مامۆستا هندرێن فەیزوڵا:**

## لیستی ١٨٣ی پارتی لیستی داکۆکیارە لە ناساندنی کورد بە گشت میللەتانی دنیا

بەڵێ، دەنگ بە لیستی پارتی دەدەم. لە بەر ئەوەی تەنیا ئەم لیستە داکۆکی لە مافی نەک مامۆستا، بەڵکوو داکۆکی لە مافی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانیەوە دەکات. لیستی ١٨٣ی پارتی لیستی داکۆکیارە لە ناساندنی کورد بە گشت میللەتانی دنیا بە سەرۆکایەتی پارتی و بارزانی خەبات بۆ مافە نەتەوەییەکان دەکات، بۆیە داواکارم لە گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و بەتایبەت چینی مامۆستایان کە دەنگ بە لیستی ١٨٣ بدەن بۆ ئەوەی بتوانن بەهێزەوە داکۆکی لەمافەکانمان بکەن.



183

گوڵان

# کەرکووک داوای سەروەریی خۆی لەژێر سێبەری پارتیدا دەکات

ئاوارەکانی کەرکووك و کوردانی دانیشتووی شارەکە، دڵگرانن لە زەوتکردنی مافی دەنگدانیان، داوا لە هاووڵاتیان دەکەن، دەنگ بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن. ئەوان پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن، کە کەرکووك شارێکی هەمیشە کوردستانییە و گەورەترین غەدر لە دانیشتووانی ئەو شارە ئەوەیە کە لە مافی دەنگدان بۆ پەرلەمانی کوردستان بێبەش کراون، جەختیش لەوە دەکەنەوە کە بۆ گەڕانەوەی شکۆی شارەکەیان پێویستە هەموو دەنگدەرێکی نیشتمانپەروەر دەنگ بە لیستی ١٨٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی






**دانا مەحموود پێشمەرگە:**

## ئێمەی کەرکووکی تەنیا ئومێدمان به پارتی هەیە

پارتی و بارزانیی نەمر، گەورەترین شۆڕشی کوردیان لە سەر کەرکووك دانا، بۆیە ئێمەی کەرکووکی خۆمان بە قەرزاری پارتی دەزانین، لەوەش زۆر دڵنیان کە ئەوەی شەڕ لەسەر کەرکووك دەکات، هەر پارتییە، بۆیە بە دڵ و گیان پشتگیری لە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین.


ئێمەی کەرکووکی ئومێدمان تەنیا بە پارتی هەیە، چونکە لە دوای ئازادیی عێراق کەرکووکی ئاوەدان کردەوە، کەرکووکی لە تیرۆریستانی داعش پاراست و بۆ هەموو پێکهاتەکان پەیامی پێکەوەژیانی هەبوو، دڵنیاشین بە پشتیوانیی سەرۆك بارزانی داگیرکردنی کەرکووك تاسەر نابێت و شکۆ بۆ کەرکووکییەکان دەگەڕێتەوە.



**خاڵدار شوکور ڕۆژنامەنووس:**

## تەنیا پارتیم لا پەسەندە و هەمیشەش هیوام وابووە کە یەکەم حزب بێت لە ریزبەندی حزبەکان

هەموو تاکێك لە کۆمەڵگەدا ئازادە لە لایەنگری و پشتگیریکردنی ئەو حزبەی کە دەنگی پێ دەدات و پشتگیریی دەکات. من وەك کەرکوکییەك سەرەڕای ئەوەی کە لە بنەماڵەیەکی پارتیم و باوکم پێشمەرگەی ئەیلول و گوڵانە و برایەکم لە هێرشەکەی داعش بۆ کەرکوك شەهید بوو، کە سەر بە ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەندامی هیچ ڕێکخراو و ناوچە و لقێکی پارتی دیموکراتی کوردستان نیم، تەنیا وەك خاڵدار قسە دەکەم و دەڵێم: تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستانم لا پەسەندە و هەمیشەش هیوام وابووە کە یەکەم حزب بێت لە ریزبەندی حزبەکان، چونکە ڕێبازێکی زۆر پیرۆزی کوردستانی هەیە و لە پێناوی کوردستانی سەربەخۆ و گەڕانەوەی ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان قوربانییەکی زۆری داوە.



**مەریوان حەکیم جەباری ڕۆژنامەنووس:**

## سەرکەوتنی لیستی ١٨٣ بۆ کەرکووکییەکان زۆر گرنگە

من وەك کەرکوکیەك کێشەی شوناسی شاری کەرکووکم هەیە و دەمەوێ ڕۆژێك کەرکوك ببێت بە پێنجەمین پارێزگای هەرێمی کوردستان بۆ ئەمەش ئەو ئیرادەیە، تەنیا لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەبینم و بڕوام وایە لیستی ١٨٣ ئەو لیستەیە کە مساومە لەسەر کەرکوك ناکات، چونکە سەرۆك بارزانی رابەری پارتییە و هەمیشە جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەستبەرداری کەرکوك نابێت، بۆیە سەرکەوتنی لیستی ١٨٣ بۆ کەرکوکییەکان زۆر گرنگە، چونکە چەند ئەو لیستە بەهێز بێت، پێگەی کورد لە بەغدا بەهێزتر دەبێت و شانسی گەڕانەوەی کەرکوك و ناوچە کوردستانییەکان زیاتر دەبێت. ئەگەر سەیری مێژووش بکەین دەبینین پارتی دیموکراتی کوردستان کە رابەرایەتیی لیستی ژمارە ١٨٣ بۆ پەرلەمانی کوردستان دەکات، بە هەزارن شەهیدی بەخشیوە بە شاری کەرکوك و بارزانیی نەمر دەستبەرداری زۆر ئیمتیازات بوو، بەڵام ڕێگەی بە خۆی نەدا، کەرکوك بە حکومەتی عێراق ببەخشێت، بێگومان لیستی ١٨٣ لەسەر هەمان بیروباوەڕە و ئێستاش بۆیە سەرکەوتنی لیستی پارتی دیموکراتی کودستان چەند گرنگە بۆ پارتی، هێندەش لای ئێمەی کەرکوکی گرنگە و هەوڵ بۆ سەرخستنی دەدەین و داوا لە هاووڵاتیان و هەموو ئەوانە دەکەین کە مافی دەنگدانیان هەیە، بە دەنگی خۆیان بۆ پارتی پێگەی پارتی زیاتر و زیاتر بەهێز بکەین لە هەرێمی کوردستان، هەتا خەونەکانی هەموومان بەدی بێت.

183

گوڵان



**هاوکار دارا لە ئەنجومەنی ئاسایشی کەرکووک:**

## بۆ سزادانی خیانەتکاران دەنگ بە لیستی ١٨٣ بدەن

ئێمەی کەرکووکی بۆیە داوا لە هاووڵاتیان دەکەین کە دەنگ بە پارتی بدەن، لەبەر کۆمەڵێك هۆکارە، لەوانە بۆ گەڕاندنەوەی شکۆ و کەرامەت بۆ شارەکەمان و بۆ سزادانی بەرپرسی گەندەڵ و خیانەتکارانە، چونکە پارتی لە بنەڕەتدا ڕەگی داکوتاوە لە نێو دڵی کەرکووکییەکاندا و خەڵکی ئەم شارە متمانەیان بە پارتی و بارزانی هەیە، بۆ سزادانی خەڵکی دز و گەندەڵ و خیانەتکار. هەڵبەتە پارتی ئەو هێزەیە لە کوردستان بە مێژوویەکی پڕ لە شکۆمەندی و سەربەرزی ناسراوە، هیچ کاتێك سازشی لەسەر بستێك خاکی کوردستان نەکردووە و بارزانیی نەمر کەرکووکی بە «دڵـی کوردستان» ناساندووە، جگە لەوەش هێزەکانی ئاسایشی کەرکووك لە پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن لە ساڵی٢٠٠٣وەك هێزێکی تۆکمە و کاریگەری پارتی لە کەرکووك کاریان کردووە بە دیاریکراوی دەتوانین بڵێین: لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٤تاکو ٢٠١٣ئەو هێزە چەندین چالاکی و ئۆپەراسیۆنی گرنگ و کاریگەری ئەنجام داوە لەناو کەرکووك و شارۆچکە و گوندەکانی سەر بە کەرکووك، بەتایبەت لە حەویجە، تەنانەت هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە کەرکووك متمانە و بڕوای تەواویان بەو هێزە پەیدا کردبوو، هەماهەنگی و کاری هاوبەشیان تەنیا لەگەڵ ئاسایشی پارتی بوو، تەنانەت بە هۆی سەرسامییان بە بوێری و ئازایەتی ئەم هێزە و فەرماندەکەیان چەندین بڕوانامەی ڕێزلێنانیان بەخشی بە عەمید سالار کرمخان کە جێگری بەڕێوبەری ئاسایشی کەرکووك و سەرپەرشتیاری ڕاستەوخۆ و مەیدانیی ئۆپەراسیۆن و هەڵمەتەکان بوو، ئەم هێزە بە جۆرێك ببووە جێی متمانەی خەڵکی کەرکووك کە بە سەرجەم پێکهاتەکانەوە، ئاسایشیان بە پاڵپشتی خۆیان دەزانی، بەتایبەت تاکی کورد کە هەستی بە هێزو ورەبەرزیی خۆی دەکرد.



**شیڤان عەبدولڕەحمان بەرپرسی لقی قوتابیانی کەرکووك:**

## تەنیا متمانە بە لیستی ١٨٣ی پارتی بکەن کە خەمی هەموو کورد و پێکەوە ژیانی هاونیشتمانییانی هەڵگرتووە

پارتی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، تاکە حزب بوو کە دەنگدانی لە کەرکووك بایکوت کرد، لەبەر ئەوەی، شارەکە بە خیانەت داگیرکرا، پارتیش ئەو زەبر و زەنگ و خیانەتەی قبووڵ نییە. بۆیە هەموو پێکهاتەکانی پارتی و بەتایبەتی کوردی ئەم شارە هەمیشە کوردستانییە، لەوە دڵنیان کە تەنیا لەسەر دەستی پارتی شکۆ بۆ شارەکەیان دەگەڕێتەوە. بۆیە پەیامم بۆ خەڵکی شارەکەم ئەوەی خۆڕاگر بن و بە پشتیوانی خوای گەورە لەم نزیکانە گۆڕانکاری ڕوو دەدات و لە بەرژەوەندیی میللەتەکەمان دەبێت، بۆیە داوا لە هەموو هاووڵاتیان دەکەم، کە تەنیا متمانە بە لیستی ١٨٣ی پارتی بکەن کە خەمی هەموو کورد و پێکەوە ژیانی هاونیشتمانییانی هەڵگرتووە.

١٨٣

گوڵان

# تەنیا پارتی فرمێسکە گەرمەکانی هونەرمەندان دەسڕێتەوە!



شاخەوان مستەفا

ساڵانێکی زۆرە پارتێک شەو و ڕۆژی لەیەک گرێداوە، تەنیا بۆ ئامانجێک، کە ئەویش خزمەت گەیاندنە بە تەواوی جومگەکانی ژیان، سەردەمانێك ئەو پارتە شاخی کردبوو بە سەکۆیەك بۆ بەدیهێنانی ئازادیی گەلێك، کە لەژێر چەتری زوڵم و ستەمکاریدا میللەتێکیان لە بیڕ ناسنامەییدا دەچەوساندەوە، کە شۆڕشیش تەواو بوو، حکومەتێکی کوردی لە دوای ڕووبارێك لە خوێن دامەزرا، ئەو حکومەتەش، بە تەمەنێکی بچووکەوە بە ئیمکانیەتێکی کەم دەستی کرد بە ئاوەدانی و بیناکاری و بونیادنانی هەرێمێك کە سەدان خۆزگەی هەبوو، ئیدی پەنای بۆ دیموکراسیەت برد، لەوێشدا حزبێك کە خاوەن ڕێبازێکی پیرۆزە بەڵێنی دا، کە کوردستانێکی پڕ لە جوانی و ئاوەدانی بۆ خەڵك بونیاد بنێت.

پارتی دیموکراتی کورستان، خەونەکانی تا دێ گەورەتر دەبن، چونکە پێیوایە، کە ئەوان هاتنە نێو کایەی سیاسی ئامانجێکی گەورەیان هەبووە، ئەویش دروستکردنی حکومەتێکە کە خەم و ئازاری هاونیشتمانیانی کوردستان لە کۆڵ بگرێت، لەوەیاندا پارتی سەرکەوتوو بوو، چونکە توانی ڕەگی خۆی لە نێو دڵی خەڵکدا بچەسپێنێت، بە جۆرێك کە شارەکان لە گوندێکی بچووکەوە بوون بە جوانترین شارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە پاڵ ئاوەدانی و بیناکاری و بووژانەوەی هونەر و پەروەردە و جوانکاریی سیمای پایتەخت و شارەکانی دیکەدا، سەقامگیرییەکی بەرچاو دەستەبەر کرا، هەر ئەوەش وایکرد، کە پارتی ببێت بەو هێزەی کە هەموو چین و توێژەکان متمانە بەو هێزە بدەن کە ڕابەرەکەی سەرۆك (بارزانی)یە، چونکە گشت چین و توێژەکان لەوە دڵنیان، کە هەر کاتێك پارتی پێشەنگ بێت، ئەوان لە دەستێکی ئارامدا ژیان بەڕێ دەکەن!.

بەڵێ، ئەگەر بمانەوێ شکۆی هونەر لەم هەرێمەدا پارێزراو بێت، دەبێت جارێکی دی پەنا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان ببەینەوە، تا بتوانێ جارێکی دیکە زاڵ بێت بە سەر قەیران و کێشە و گرفتەکان و دووبارە نەخشەدانانەوە بۆ سازکردنی فیستیڤاڵی فیلم و کۆنسێرت و ڕازاندنەوەی شار بە هونەرەکەمان.

ئیدی هەموو شتێك لەو پارتە چاوەڕوان دەکرێت، چونکە پارتی تاکە حزبە، کە بە حزبی خەڵك دادەنرێت و چاوی لە ئاست جوانیی پایتەخت و هونەردا نانووقێنێ و شەونخوونی دەکات بۆ گەڕانەوەی چالاکییە جوانەکانی هونەری کوردی، کە لە ڕابردوودا دەیان کاری جوان بە پاڵپشتیی ئەو حزبە ئەنجام دراوە، جگە لە سازدانی فیستیڤاڵ و بودجەی پێویست بۆ فیلم و دراما و لایەنەکانی دیکەی هونەر، بەرامبەر بەو هەموو خزمەتەش ویژدانم پێم دەڵێت تۆ لایەنگری حزبێکی کە دروشمی سەربەخۆیی و گەشەسەندنی سیمای جوان و بەدیهێنانی خەونی سەربەخۆییە، بۆیە بەبێ دوودڵی لە ٩/٣٠دا دەنگ دەدەین بە لیستی ١٨٣ی پارتیمان، کە دەتوانێت فرمێسکە گەرمەکانی هونەرمەندان بسڕێتەوە و جارێکی دی باوەش بۆ هونەرەکەی ئێمە بکاتەوە.

# بۆ دەنگ بە پارتی دەدەین؟



فەرهەنگ غەفوور

هەڵبـژاردن و دیارکردنـی نوێنەرانـی گـەل لـە ڕێـی دەنگـی گـەل خۆیـەوە، بنەمـای دیموکراسـی و بەهەند گرتنی را و ئیرادەی خەڵکە. بۆ گەلێکی وەك ئێمەی کورد، کە سەدەیەك زیاترە لەناو شۆڕش بـۆ رزگاری لـە بندەسـتیی داگیرکاریدایـن، زۆر گرنـگ و واتـادارە، کـە ئێمـە دوای ئـەو هەمـوو خەبـات و تێکۆشـانە نەبڕاوەیـە، دەمانـەوێ لـە ڕێـی دامـەزراوە شـەرعییەکانەوە وڵاتمان ئـاوەدان بکەینـەوە و هەنگاویـش بـەرەو گەیشـتن بـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بنێیـن.

لـە چـوار خولـی رابـردووی پەرلەمـان و بـۆ ئـەم خولـەش، کـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هێـزی یەکەم و سەرەکییە تیایدا، ئەوە بۆ زۆرینەی خەڵك، بەتایبەتـی بـۆ هونەرمەنـدان دەرکەوتـووە، کـە پارتـی بـە رابەرایەتـی سـەرۆکە کوردپەروەرەکـەی، جەنابـی کاك (مسـعود بارزانـی) و بەرنامـە و دیـدگای بـۆ پێشخسـتنی کۆمەڵگـەی کوردسـتانی لەسـەر هەمـوو ئاسـتە کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و ئابـووری و فەرهەنگـی و ...تد، رۆڵـی هـەرە مـەزن و پێشـەنگی هەبـووە، سـەرەڕای هەمـوو ئـەو کەموکوڕییانـەی کـە هـەن و سـەرەڕای هەمـوو ئـەو ئاسـتەنگ و کێشـانەی بۆیشـی دروسـت کـراون، بـەڵام سـەرۆك و پارتـی لـە مەبدەئـو بەرنامـەی کوردایەتـی و دیموکراسـی و ئاوەدانـی هـەر سـوورتر بـوون، نموونـەش تێپەڕاندنـی هەمـوو ئـەو دۆخـە نەخـوازراو و دوژمنکارییانـەی بەسـەر گەلەکەمـان هاتـن، هەروەهـا ئەنجامدانـی ریفراندۆم بۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان، کـە خەباتێکی مەدەنـی و دیموکراسـیی گەلـی کوردسـتان بـوو بەرامبـەر بـە داگیرکـەران و تـەواوی دونیـای نادیموکراسـی و بەرژەوەندخـواز.

ئێمـە وەك هونەرمەنـدان، ئەگـەر تەنیـا باسـی لایەنـی هونـەری بکەیـن، کـە لەنـاو بەرنامـە و ئەجێنـدای پارتیـدا جێگـای گرتـووە، دەبینیـن لـەو چەنـد ساڵەی کـە کوردسـتان خـۆی حوکمڕانـی خۆیەتـی، پارتـی لـە ڕێـی پەرلەمـان و حکومـەت و دامەزراوەکانـەوە، بـە بەرنامـە و ئەجێندایەکـی بـاش کاری بـۆ گەشـەکردن و پێشـکەوتنی بـواری هونـەر بـە گشـتی کـردووە، ئەویـش بەپێـی ئـەو دەرفـەت و توانایـەی لەبەردەسـتیدا بـووە، نەخاسـمە کـە وڵاتەکەمـان بـە شـەڕ و قەیرانـی سـەختدا رەت بـووە.

پارتـی لـە ڕێـی حکومـەت و پەرلەمـان و دەزگاکانـەوە، بەهـۆی کادیـر و شـارەزایانیەوە، بەرنامـە و کاری بەردەوامـی بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاسـتی هونـەری لەگشـت بوارەکانـدا هەبـووە، ئەنجامدانـی ئـەو هەمـوو فیسـتیڤاڵ و سـمینار و پیشـانگا و چالاکییـە بەردەوامانـە، بەڵگـەی گرنگیپێدانـی بەرنامـە و پرۆگرامـی پارتییـە بـەو کەرتـە گرنگـەی کۆمەڵگـە، هونەرمەندانیـش بـە شـێوەیەکی گشـتی، بـەو کار و چالاکییانـە ئاسـوودە و رەزامەنـدن، وە درك بـەوە دەکـەن کـە زیاتـر خۆیـان لەنـاو ئـەو چوارچێوەیـەدا دەبیننـەوە و لەوێـوە گرنگـی بـە کار و داهێنـان و خەونەکانیـان دەدرێ، ئەگەرچـی تمووحـی زۆر زیاتریشـمان هەیـە، بـەڵام ئـەو دۆخـی شـەڕ و قەیرانـە ئابـووری و سیاسـییەی بەسـەر کوردسـتان سـەپێنران، تـا ئاسـتێك زیانـی لـەو بەرەوپێشـچوونەی هونـەر دا، وەك چـۆن زیانـی لـە تـەواوی سـێکتەرەکانی دیکـەش دا.

ئێسـتا و بـۆ لەمـەودواش، هونەرمەنـدان بـە ئومێـدەوە لـە بەرنامـە و کارنامـەی پارتـی دەڕوانـن، کـە لەداهاتووشـدا زیاتـر و باشـتر خزمـەت بـەو بـوارەو بـە هونەرمەنـدان بـکات، بۆیـە بـێ دوودڵـی و بـە دڵنیاییـەوە ئەمجارەش دەنـگ دەدەنـەوە بـەو هێـزە بەهێـزەی، کـە هـەم کوردسـتانی لـە داگیرکارانـی داعـش و حەشـدی شـەعبی پاراسـت، هـەم وڵات ئـاوەدان دەکاتـەوە و گرنگیـی زیاتریـش بـە فەرهەنـگ و هونـەر و رۆشـنبیری دەدات.

# وەرزشکارانی کوردستان دەنگ بە لیستی ١٨٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەن

وەرزشکارانی کوردستان ئامادەکاری باشیان کردووە بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردەکانی ٣٠ی ئەیلوولی ئەمساڵ سەرکەوتنێکی بەرچاو بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بەدەست بهێنن، وەکو چینێکی گرنگی نێوکۆمەڵگەش، وەرزشکارانی شاروشارۆچکەکانی کوردستان بەڵێنی سەرکەوتنی گەورە و ئەنجامدانی کەرنەڤاڵی سەرکەوتنیان بۆ لیستی ١٨٣ی پارتی هەیە.

ئا: گوڵان



١٨٣
گوڵان

١٨٣

گولاڵ





**ئارام ساڵح پاڵەوانی زۆرانبازیی جیهانی:**

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان تاکە لیستە لای من کە گرنگە و پێشکەوتنی کوردستان و پاراستنی کورد و کوردستانی لەئەستۆدایە، هیواداریشم هەموو وەرزشکارانی کوردستان دەنگ بەم لیستە بدەن کە کەرامەتی هاوولاتیان دەپارێزێ لە چنگی دوژمن و پێشمەرگە قارەمانەکانی هەمووکات خۆیان کردۆتە قەڵغان بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان.



**رازاو کەریم**

**سەرۆکی یانەی وەرزشیی ئافرەتانی هەولێر:**

دەنگدان بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگدانە بە خوێنی شەهیدان و دەنگدانە بە پاراستنی کوردستان و سەروەرییەکانی، بۆیە وەکو وەرزشکارێکی شاری هەولێر بە شانازییەوە لە رۆژی ٣٠ی ئەیلوول دەنگ بە لیستی پارتی و سەرۆک بارزانی دەدەین، بۆ ئەوەی بتوانین هەرچی هەیە ئەم لیستە تێکۆشەرە سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێ، لە رابردوو و لە ئێستاش هەر ئەو لیستەیە کە خزمەتی زۆری لە گشت روویەکەوە کردووە.



**جەرجیس رەشید**

**پاڵەوانی شیناولێدان و خاوەنی ریکۆردی گینسی جیهانی:**

بە بۆچوونی من لیستی پارتی تاکە لیستە کە خزمەتی زۆر بە هەموو چینەکانی کۆمەڵگە دەکات، جگە لەوەش بۆ ئاوەدانیی زیاتری کوردستان من وەکو وەرزشکارێك دەنگ بەو لیستە دەدەم و هەموو هەوڵێك دەدەم بۆ سەرخستنی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، چونکە تاکە لیستی شەهیدانە و بەردەوام پێشمەرگەکانی بەرگرییان لە کوردستان و خاکەکەی کردووە.



**دڵزار حەمە شەریف**
**سەرۆکی یانەی وەرزشیی شەترەنجی خانزاد:**

پارتی بوون شانازییە و دەنگیش بە لیستی پارتی دەدەم کە بنیادنەری بیری سەربەخۆیی و سیاسی و ئابووریی کوردستانە، ئەو لیستەی شەرەفی سەرخستنی بەرنامەی ریفراندۆمی لە ئەستۆیە، جگە لەوەش پارتی پاڵپشتی وەرزشکارانە، هەموو هەوڵێکمان دەخەینە گەڕ بۆ سەرخستنی ئەو لیستە تێکۆشەرە.



**گوڵستان تەحسین**
**یاریزانی تیپی تۆپی پێی کچانی یانەی ئافرەتانی هەولێر:**

وەکو کچە پێشمەرگەیەک و وەرزشکارێک دەنگ دەدەم بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، چونکە داهاتووی کوردستان لە سێبەری پارتیدا دەبینم، بەهیوای ئەوەم وەرزشکارانی شارەکانی کوردستانیش دەنگ بەو لیستە بدەن، بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی کورد و بەدیهێنانی سەربەخۆیی.



**فەرمان ئیسماعیل**
**ئەمینداری دارایی یانەی وەرزشیی سۆران:**

وەکو وەرزشکارێکی دەڤەری سۆران لەبەر ئەوە دەنگ بە پارتی دەدەم، چونکە پارتی حزبی نەتەوەپارێزە و داکۆکیکارە لە مافی رەوای کورد و دەستپێشخەرە لە خزمەتکردنی ئاوەدانی لە شارەکانی کوردستان، هەموو هەوڵێکیش دەدەین بۆ سەرخستنی ئەو لیستە کە خزمەتی زۆری هاونیشتمانیانی شارەکانی کوردستان کردووە.



**د.عەبدوڵا مەجید**
**سەرۆکی یانەی هەولێر:**

دەنگدان بە لیستی (١٨٣)ی پارتیمان دەنگدانە بە کوردستانێکی بەهێز و حکومەتێکی بەهێز و ئاوەدانیی زیاتر لە هەرێمی کوردستان.

بۆیە بە ئەرکی خۆمی دەزانم، دەنگ بەم لیستە بدەم و داوا لە هەموو خەڵکی کوردستانیش دەکەم، کە دەنگ بەم لیستە بدەن، کە خزمەتێکی زۆری هەرێمی کوردستانی کردووە.



**سەفین کانەبی**
**سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان:**

داوا لەسەرجەم وەرزشوانانی کوردستان دەکەم دەنگ بە لیستی (١٨٣)ی پارتیمان بدەن، چونکە ئەم لیستە خزمەتێکی زۆری بواری وەرزشی کردووە و بەردەوام پشتگیری ئەم توێژەی کردووە، بۆ ئەوەی ئەم خزمەتکردنەوە بەردەوام بێت، دەبێت ئەم لیستە سەربکەوێت. بۆیە دەنگدان بە لیستی (١٨٣)ی پارتیمان بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم.



**یێجان ئیبراهیم**
**سەرۆکی یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان:**

دەبێت هەموو لایەك هەوڵی سەرکەوتنی لیستی (١٨٣)ی پارتیمان بدەن، چونکە تاکە لیستە کە بتوانێت خزمەتی خەڵك بکات و پارێزگاری لە کوردستان بکات و خەونی گەلەکەمان بهێنێتەدی، کە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە، بۆیە بە هەموو هێزێك هەوڵی سەرخستنی ئەم لیستە دەدەم، تا کوردستانێکی بەهێز بونیاد بنێن و دوارۆژی نەوەکانمان مسۆگەر بکەن.



**مەحموود عەزیز**
## سەرۆکی یەکێتی پایسکلسواریی عێراق:

دەنگدان بە لیستی (١٨٣)ی پارتیمان بە ئەرکێکی نیشتمانی و ئەخلاقی دەزانم، چونکە لیستی سەرۆك (مسعود بارزانی)یە و جەنابی سەرۆك هەردەم هەوڵی پێشکەوتن و پاراستنی کوردستانی داوە و خەمخۆری میللەتەکەی بووە. لیستی (١٨٣)ی پارتیمان هەردەم خەمخۆری چینی وەرزشوانان بووە و پشتگیری لێکردوون و هەوڵی دابینکردنی مافەکانیانی داوە، بۆیە داواکارم هەموو لایەك دەنگ بەم لیستە بدەن، تا بتوانین حکومەتێکی بەهێز دروست بکەین بۆ پێشخستنی کوردستان و دابینکردنی دوارۆژێکی گەش بۆ نەوەکانمان.



**هێمن محەممەد**
## ناوبژیوانی پلە یەکی کوردستان:

لە هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ئەیلوولی ئەمساڵ بە دڵنیاییەوە دەنگم بۆ لیستی ١٨٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان و لیستی جەنابی سەرۆك بارزانی دەبێت، چونکە لیستی خوێنی شەهیدان و لیستی پێشمەرگە قارەمانەکان و لیستی ئەمبرازشکێنەکان و لیستی داستانی پردێ و سحێلا و زمار و هەموو ئەو داستانانەیە کە بە سەرپەرشتیی جەنابی سەرۆك تۆمارکراون، دەنگم بۆ ئەو لیستەیە و شانازییەکی گەورەیە کە هەموو هەوڵێك بدەین بۆ سەرخستنی ئەو لیستە.



**میران خەسرۆ**
## یاریزانی یانەی وەرزشیی هەولێر:

پارتی دیموکراتی کوردستان لە باشترین دۆخدایە بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی کوردستان و گەلەکەی، داواش لە وەرزشکارانی کوردستان دەکەم دەنگ بە لیستی ١٨٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن، چونکە تاکە لیستە کە بۆ کوردستان تێدەکۆشێ و خزمەتی هەموو چین و توێژەکان دەکات، ئەو لیستەی خاوەن ئیرادە و شەهیدە.

١٨٣

گولان

# هاووڵاتیان پشتیوانیی خۆیان بۆ لیستی (١٨٣)ی پارتی دووپات دەکەنەوە

پارتی خاوەن رابردوویەکی پڕ لە خەبات و قوربانیدانەو جەماوەرێکی شکۆمەندیشی لە پشتە، بۆیە حزبی یەکەمی کوردستانە و پێگەو پایەکی بەهێزی هەیە. هاووڵاتیانی خۆڕاگریش وەك هەمیشە پشتیوانیی خۆیان بۆ پارتی دەردەبڕن و لە ئێستادا کە هەڵمەتی بانگەشەکانی هەڵبژاردن بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەستی پێ کردووە، جەخت لەوە دەکەنەوە کە لیستی (١٨٣)ی پارتی، لیستی خزمەت و ئاوەدانی و چاکسازی دەبێت، کە ماوەیەکە بەهۆی شەڕ و ئەو رەوشە ناهەموارەی کە بەسەر کوردستاندا سەپێندرا، پڕۆژەکانی ئاوەدانی سست بوون، بەڵام لە ئایندەیەکی نزیکدا و دوای سەرکەوتنی پارتی، کە هەمیشە پارێزگاری دەستکەوتە نەتەوەییەکان بووە، وڵاتێکی ئاوەدانتر و ئارامترمان دەبێت و داهاتووی کوردستانیش گەشاوەتر دەبێت. ژمارەیەك لە هاووڵاتیانیش بەمجۆرە رای خۆیان لە بارەی لیستی پارتی بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەخەنەڕوو.






**قادر عەزیز خۆشناو:**

## دەنگ دەدەین بە لیستی ١٨٣ بۆ ئەوەی ببینە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ

سەرۆك مسعود بارزانی سەرۆکی رۆحی و سیمبولی نەتەوەیی کورد و کوردستانەو بۆ گەلەکەی بۆتە رەمز و پارێزەرێکی هەرە مەزن و کەسایەتییەکی کاریگەرە لە جیهان و ناوچەکەدا و گەل شانازی پێوەدەکات، هەر لە تەمەنی لاویەتییەوە تا ئێستا لە خەبات و تێکۆشان بەردەوامە بۆ سەربەخۆیی یەکجارەکی گەلی کورد و بینیمان لە رابردوو چۆن گەلەکەی لە دەست رژێمی بەعس رزگار کرد و لەم چەند ساڵەش توانی بە فیداکاری پێشمەرگە گەل و خاکی پیرۆزی کوردستان بپارێزێت و تیرۆرستانی داعش تێکبشکێنێت هەڕەشەو پلانەکانی دوژمنان لە گۆڕ بنێت و داستانی خواکورك و پردێ و سحێلا تۆمار بکات.

ئەگەر بمانەوێت فێری خۆشویستنی خاك و نیشتمانەکەی خۆمان بین، سەریان بۆ شۆڕ نەکەین و سەرکەوین بەسەریاندا، دەبێت لە سەر رێچکە و رێبازی پێشمەرگە بین و درێژەپێدەری هەمان رێبازی رابەر و باوکی رۆحی نەتەوەی کورد بارزانیی نەمر و سەرۆك مسعود بارزانی بین. هەر بۆیە دەنگ دەدەین بە لیستی ١٨٣ بۆ ئەوەی ببینە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، چونکە ئەمە ئامانجی سەرۆك بارزانی و پارتییە و دڵنیاین ئەم خەونەمان تەنیا لەسەر دەستی سەرۆك بارزانی بەدی دێت.



**رابەر مەحمود عەباس:**

## سەنگی پارتی لەم هەڵبژاردنە قورستر دەبێت

پرۆسەی هەڵبژاردن کۆڵەکەو بڕبڕەی دیموکراسیەتەو لەو پرۆسەیەدا دەنگی هاووڵاتی سەنگی مەحەکە، بێگومان هاووڵاتیش بە گەڕانەوە بۆ مێژووی لایەنەکان دەنگ دەدات و هیوای ئایندەی لەسەر هەڵدەچنێ، بۆیە بە بڕوای من پارتی دیموکراتی کوردستان و لیستی ١٨٣ ئەمجارە باشتر و تۆکمەتر هاتۆتە مەیدان و دەتوانێت لەناو ئەم هەموو ئیرهابە فیکرییەدا دەنگەکانی و رێژەی کورسییەکانی زیاد بکات و متمانەی هاووڵاتیان بۆخۆی مسۆگەر بکات. هاووڵاتیانیش لەسەر بنەمای کرداری رابردوو دەنگ دەدەن، نەك هاشوهوشی کەناڵەکان و پرتەپرتی فەیسبووك، دەشزانن پارتی حزبی کارو بەرپرسیاریەتییەو لە ئەرکەکانی راناکات، دەزانن پارتی حزبی ریفراندۆم و سەربەخۆیی و پاراستنی شکۆ و کەرامەتی گەلی کوردستانە. پارتی حزبێکە سەرەڕای ئاستەنگە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان و گرفتی ئابووری و شەڕی داعش توانی سەرکەوتووانە قۆناغە سەختەکان ببڕیت و رێفراندۆمێکی سەرکەوتوو لە تەواوی باشووری کوردستان ئەنجام بدات، بە کەرکووکی دڵیشەوە، پارتی توانی بەر بە گەلەکۆمەکێی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بگرێت و لە پردێ لووتی حەشد و داروودەستەکانی بە شکاوی بنێرێتەوە، پارتی ئاستەنگەکان ببڕێت و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان پتەوتر بکات، خەڵکیش هەڵبژاردنەکانی عێراق پاداشتی پارتییان دایەوەو لە ئاستی سەرانسەری عێراق یەکەم حزب بوو کە خەڵك متمانەیان پێ بەخشی، لەم هەڵبژاردنەش دەنگ و سەنگی قورستر دەبێت و بەژمارەیەکی گەورەتر دەچێتە پەرلەمان و کار بۆ ٥٩ خاڵی کارنامەکەی دەکات.



## حەسەن ساڵح:

### پارتی دەبێتە خاوەنی زۆرترین کورسی


پارتی بە درێژایی مێژوو بۆتە چەقڵی چاوی دوژمنان، شۆڕشی بەرپا کردووە و بەرگری لە خاك و نەتەوەی کوردستان کردووە، بەرامبەر هەر پیلان و نییەتێکی خراپی دوژمنان وەستاوەتەوە، ساڵانێکە لە کوردستان دەسەڵاتی بە دەستە، چونکە خاوەن جەماوەر و کارنامەی بەرزە، لە نێو ئەو پارتەدا هەموو پێکهاتەیەك بەدی دەکرێت، فرەنەتەوەیی و فرەئایینی لەخۆدەگرێت، بێگومان پارتی لەم هەڵبژاردنەش دەبێتە خاوەن زۆرترین کورسییەکانی پەرلەمان، چونکە پارتی و خەڵکی کوردستان رووی یەك دراون، بە یەکەوە کوردستانێکی جوان نیشان دەدەن، ئەوانەی بیانەوێت پارتی لەناو ببەن، خۆیان لە ناو دەچن، پێشمەرگەکانی پارتی تاکە هێز و بازووی توندن بۆ رووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی داگیرکەر و ئاژاوەگێڕانی کوردستان، سەرەڕای بوونی ئەو هەموو کێشە و گرفتانە، کەچی تاکە پارتە خاوەن پێگەیەکی بەرزە لە ناوچەکەدا. بۆیە دەنگم بۆ لیستی ١٨٣ی پارتی دەبێت، تا لە داهاتوودا ژیان و ئاسایشی خۆم و ماڵ و منداڵم دابین بکات، هەر پارتییشە ساڵانێکە خەڵکی پاراستووە.



## غەفور سابیر:

### سەرکەوتن هەر بۆ لیستی (١٨٣) دەبێت و داهاتووی خەڵکی کوردستانیش لە سایەی ئەو پارتەدا پارێزراوە و شکۆدار دەبێت

جگە لەوەی پارتی مێژوویەکی پڕ لە سەروەری هەیە، هەروەها سەرۆکەکەشی خاوەن ئیرادە و توانا و کاریزمایەکی سیاسییە کە شایەنی هەموو متمانەیەکی گەلە، بۆیە دەنگم بە لیستی ١٨٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت، دەنگدان بەو پارتە واتە مسۆگەرکردنی داهاتووی کوردستان و پاراستنی لە دوژمنان، کاتێك پارتی لە کوردستان سەروەر دەبێت، واتە کوردستان لە دەستێکی ئەمین و پاکدا دەبێ، لێرەوە داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەم، جارێکی دیکە بە دەنگی خۆیان پارتی بکەن بە پلە یەك، تا دوژمنان نەتوانن حیساب بۆ شکۆی ئەو پارتە خاوەن مێژووە نەکەن، کە هەموو ئاوات و ئومێدەکانی کوردستانییان لە ژێر سێبەری ئەو حزبەدا دێتەدی، داستان و شۆڕشەکانی پارتی شاهێدی ئەوە دەدەن کە تاکە پارتە خاوەن پێگە و پایەکی بەرز و شکۆدارە، سەرکەوتن هەر بۆ لیستی (١٨٣) دەبێت و داهاتووی خەڵکی کوردستانیش لە سایەی ئەو پارتەدا پارێزراوە و شکۆدار دەبێت.



## بەکر کەریم حەسەن:

### دەنگدان بە پارتی واتە ساز نەکردن لە مافە نەتەوایەتییەکانمان

دەنگدان بە لیستی پارتی، دەنگدانە بە کوردستانێکی بەهێزو ئارام و سەقامگیرو ئاوەدان و بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر، دەنگدانە بە حکومەتێکی بەهێز بۆ ئەنجامدانی چاکسازی



### ستار شەهاب هەرکی:

## پارتی خاوەنی چەندین داستانە بۆیە شایستەی متمانە پێدانە

من ئەگەر پارتی نەبم، یان بێلایەن بم، تەنیا ئەگەر بیر لە کارنامەی حزبەکان بکەمەوە، بێگومان دەبێت دەنگ بە لیستی (١٨٣)ی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەم، چونکە کۆنترین حزبە و خاوەن گەورەترین مێژووە، خاوەن کاریزماترین سەرۆکە، هەروەها خاوەن بە ئەزموونترین کەسایەتی سیاسی و پێشمەرگەی قارەمانە، خاوەن زۆرترین کورسیی پەرلەمان و زۆرترین جەماوەرە. پارتی خاوەنی چەندین داستانە بۆیە شایستەی متمانە پێدانە، من هەست دەکەم ئەگەر کورد ببێتە دەوڵەت، تەنیا لەسەر دەستی ئەم حزبەوە دەبێت. پارتی لە قوربانیدانیش پێشەنگە و خاوەن زۆرترین شەهیدە، تەنانەت زۆرترین ئەنفاڵ لەنێو ئەو حزبەدا کراوە، خاوەن بەرزترین ئاستی پەیوەندییەکانی ناوخۆ و نێودەوڵەتییە، خاوەن بیرۆکەی ریفراندۆمە، خاوەنی داستانی (پردێ، تەلەسقوف، مەحموودیە و سحێلا)یە، بۆیە دووبارە دەڵێم: حزبێك خاوەن ئەو هەموو خەبات و داستانانە بێت، ئەگەر پارتیش نەبم، دەبێت دەنگی پێ بدەم، داواش دەکەم هەموو هاووڵاتییەکی بەڕێز بیربکاتەوەو دەنگ بە لیستی ١٨٣ی شەهیدان بدات.



### سیامەند حاجی تاهیر گەردی:

## کە پارتی داکۆکی لە کوردستان دەکرد، حزبەکانی دیکە خەریکی بازرگانی و کوردستان وێرانکردن بوون

من وەك خەڵکی خەبات، خۆم و خەڵکی ناوچەکەم دەنگ و پاڵپشتیمان بۆ لیستەکەی سەرۆك بارزانی دەبێت، هەموومان چاوەڕێی ئەو رۆژەین کە بنکەکانی دەنگدان بکرێنەوە و بە دڵێکی خۆشەوە بچین هێمای راست لەسەر خانەی ١٨٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەین، کە ساڵانێکە کۆششی کردووە خزمەت بە کورد و کوردستان بکات، ئێستاش کاتی ئەوەیە بە دەنگدان بەو پارتە سوپاس و پێزانینی خۆمانی ئاراستەی بکەین، تا لە داهاتوودا لە ئاست داواکاری و بەرگری لە خەڵکی کوردستان بەردەوام بێت و کوردستانێکی گەش لە ژێر سێبەری ئەو پارتەدا بدرەوشێتەوە. ئەوانەی دەنگ بە لیستی ١٨٣ دەدەن، لەو رەوشە تێدەگەن کە کوردستان پێویستیی بە پارتی هەیە، لەو کاتەی پارتی داکۆکی لە کوردستان دەکرد، پارتەکانی دیکە خەریکی کاری بازرگانی و کوردستان وێرانکردن بوون، هەر بۆیە پارتی بە حزبی پلە یەك و پێشەنگ دەمێنێتەوە و لە داهاتووشدا یەکەمی بێ رکابەر دەبێت، سەرکەوتن بۆ کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، هەمیشە کوردستان پێویستی بە پارتی و سەرۆك بارزانی هەیە.

بنەڕەتی و نەهیشتنی گەندەڵی، دەنگدانە بە سەقامگیری و دابینکردنی ئەمن و ئاسایش و بەرقەراربوونی هێمنی، دەنگدانە بە سەربەخۆیی کوردستان و ئەنجامی ریفراندوم، دەنگدانە بە خوێنی شەهیدان و قوربانیدانی پیشمەرگە و سازش نەکردنە لە سەر مافە نەتەوایەتییەکانمان، دەنگدانە بە بەرگری و شەڕی پردێ و سحێلا و تێکشاندنی ئەفسانەی داعش و غرووری حەشد، بۆیە دەنگمان تەنیا بۆ لیستی (١٨٣)ی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەو پارتەی کە لە کوردستان خاوەن زۆرترین جەماوەرە و پێگەی خۆی لە ناوخۆ و دەرەوەشدا بەرز راگرتووە، هەر بۆیە ئەگەر سەرکەوتن بە دەست بهێنێت، کوردستانیش بەهێز دەبێت. پارتی خاوەن جەماوەرێکی شکۆمەندە، هەر بۆیە سەرکەوتن بۆ لیستی «پارتی و بارزانی»یە و تەنیا بەوەش داهاتووی کوردستانیش پرشنگدار دەبێت.

١٨٣

ئاڤاکرنا
کوردستانەکا
ب هێز

